# سەردانی فەرمی سەرۆکی هـ

# دووبارە دەستنیشانکردنەوەی

# لـە جیـۆپـۆلـیـتیـکی



((کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر وەرچەخانێکی گەورەبوو لە سیاسەتی یەک دوو ساڵ لەمەوپێش لە تورکیا باسی کردنەوەی کونسوڵخانەی

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٨٤)
٢٠١٠/٦/٧

# پێگەی هەرێمی کوردستانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، گۆڕانەکە بەو ئاستەبوو، تورکیا لە هەولێر بکرایە، بە خیانەت لە قەڵەمدەدرا.))

هنری بارکی

گوڵان
ژمارە (٧٨٤) ٢٠١٠/٦/٧

سوات کلینکلی ئۆغلۆ سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی تورکیا



# ئێمە سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەردانێکی زۆر مانادار دەبینین

ئێستا تورکیا لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی لە ئاڵوگۆڕی بیروڕادایین بۆ سەقامگیرکردنی عێراق

بایەخ و گرنگی سەردانی فەرمی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، وەرچەرخانێکی گەورە بوو نەك تەنیا لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، یان سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکە، بەڵکو وەرچەرخانێکە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جیۆ سیاسیی ناوچەکە، ئەو نەخشە جیۆسیاسییەی کە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەسەر دەستی ئیدارەی بوش دروستیکرد و ئێستا لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما دا جێبەجێ دەکرێت، ئەم تێڕوانینە، بەرەنجامی ئەو ڕاپۆرتەیە کە ئامۆژگای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتی (www.usip.com) لە ڕاپۆرتێکی پرۆفیسۆر هنری بارکی بەناونیشانی (( پێوەندی نوێی تورکیا لەگەڵ عێراق: کوردستانی عێراق لەخۆی دەگرێت - Turkey's New Engagement in Iraq:Embracing Iraqi Kurdistan) ئەم تایتڵەی ڕاپۆرتەکەی USIP بۆ ڕاپۆرتەکەی هەڵبژاردووە، تەواوکەری مانای هەمان ڕاپۆرتە کە لە یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٩ داڤید فلیپس بەناونیشانی بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان تورکەکان و کوردەکانی عێراقدا ( Confidence Building Between Turks and Iraqi Kurds)، ئەم ڕاپۆرتە کە دوومانگ پێش ئەو سیاسەتەی تورکیا پێی دەڵێت ( کرانەوەی دیموکراتی ) دەرچووە، ئاماژە بەووەدەکات، داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا عێراق، دووەستێتە سەر بۆچوونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پێوەندییە، ئەمە مانای ئەوەیە:

١- جوگرافیای سیاسیی تازەی ناوچەکە فەرزی دەکات ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراق و کیانێکی دیموکراتی لە ناوچەکە، لەم جوگرافیا سیاسییە تازەیەدا دەبێت شوێنی شیاوی خۆی بۆ دابنرێت.

٢- ئەو جوگرافیا سیاسییە کۆتایی پێهات، تورکیا و عێراق پێوەندیان ئاسایی بێت و هیچ حسابێك بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق نەکرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە

ئایا کورد چۆن سەیری ئەم جوگرافیا سیاسییە تازەیەی کردبوو، ئایا چۆن مامەڵەی لۆژیکانەی لەگەڵ ئەم جوگرافیایە سیاسییە تازەیەکرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە تایبەتی بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر چاك لەو ڕاستییە ئاگاداربوون لەم جوگرافیا سیاسییە تازەیەی ناوچەکەدا، زمانی شەڕ و ڕەفتاری عەسکەری جێگەی نابێتەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی دیپلۆماتیەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە ناوچەکە بەوە قایل بکەن کە زمانی پێکەوە ژیان و سەرخستنی نەخشەی جیۆسیاسی ناوچەکە ئاشتییە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ئیدارەدانی تەنگژەی سنوور بەزاندنی تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە قورس و سەختەکرایەوە، لەو ڕۆژەی بەڕێز ڕەجەب ئەردۆگان لە واشنتۆن لەگەڵ سەرۆك بوش کۆبوونەوەی دەکرد بۆ

بەڕێز فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# سەردانەکەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بەسەردانێکی گرنگ و مێژوویی دادەنرێت



ئەوەی تیشکی سەوزی لێوەربگرێت و لە بەهاری ٢٠٠٨ هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، هەر لەو ڕۆژەدا واتە لە ٢٠٠٧/١١/٥ لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ئومێدی کوردستان وتووێژە - Kurdistan>s Hope for Talks) ئەم ڕاپۆرتە پێشنیار دەکات بۆ خوێنەرانی هەموو جارێکی دیکە ئەو وتارەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بخوێننەوە، لەبەر ئەوەی لەو وتارەدا، ئەوەیە ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع و هەردوولا ( تورکیا و هەرێمی کوردستان پێکەوە) جێبەجێی دەکەن، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەو کاتەی تورکیا هێرشە سنووردارەکەی لە بەهاری ٢٠٠٨ کردە سەر چەند ناوچەیەکی سنووری بۆ سەرهەرێمی کوردستان، زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەمان بەوەکردبوو کە داهاتوو بۆ زمانی ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانە و کرانەوە و دیموکراتییە، ئەوکاتە وتمان ئەو سیاسەتەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی هەردوو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی پیادەی دەکەن و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیان بۆ پیادەکردنی ڕاسپارد، دەبێتە ئەو سیاسەت و دیپلۆماتیەی بۆ ئیدارەی ئەو تەنگژەیە لەلایەن کوردە وە پیادەکرا لە کۆلیژەکانی سیاسەتی زانکۆکانی کوردستان بخوێنرێت، ئەمە لەبەر هۆکارێکی زۆر گرنگ ئەویش ئەو هۆکارەیە کە پرۆفیسۆر هنری بارکی لە دوایین ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەکردنەوەی کونسوڵخانەی گشتی تورکیا ئاماژەی پێکردووەو نوسیوویەتی: (کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر وەرچەخانێکی گەورە بوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، گۆڕانەکە بەو ئاستەیە یەك دوو ساڵ لەمەو پێش لە تورکیا باسی کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر بکرایە، بە خیانەت لە قەڵەمدەدرا )، ئەمەیە ڕووی شاراوەی ئەم سەردانە مێژووییە کە زۆرکەس تائێستا هەن وەك خۆی تێیناگەن، ئەمە سەرکەوتنی ئیرادەی ئاشتی و پێکەوە ژیانە بەسەر ئیرادەی شەڕ و بەرهەمهێنانی توندوتیژی کە ژەنراڵە سەربازییەکانی تورکیا نەخشەیان بۆ دادەڕشت و مایکل ڕۆبین لە ئەمریکا دەهۆڵی بۆ لێدەدا و خەڵکانێکیش لە کوردستان دەیانکرد بە کوردی و دژی ئەو سیاسەتە ڕاستەی سەرکردایەتی کوردستان بانگێشەی ژەهراویان دەکرد و بە هاوشانی بەرەی تورکمانی ڕای گشتی کوردستانیان پێدەشێواند، بەڵام با ئاکامی هەموو کارەکتەرەکانی ناو بەرەی شەڕ و توندوتیژی بەراورد بکەین، ئایا ئەو کارەکتەرانە چۆن لە هاوکێشەکەدا پەراوێز خران، بەتایبەتی وەك یەشار بیوکانیت و مایکل ڕۆبن و بەرەی تورکمانی، لەناو ڕای گشتی کوردستانیشدا ئەوانەی بانگێشەیان بۆ بەرەی تورکمانی و مایکل ڕۆبن و یەشار بیوکانیت دەکرد، لەبەرامبەردا بزانن هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، پێگەی کوردستانیان خستە ئەو ئاستەی لە سەر ئاستی سینتاکسەکانی UPIS، و ئەتڵەنتیك کاونسل بۆتە ئەو واقیعەی پێش هەموان بە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دەڵێن ئاشتی ناوچەکە و جێبەجێکردنی نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکە بەستراوەتەوە بە تێڕوانینی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت:

١- نەخشەی جیۆسیاسی ناوچەکە

دەسەڵاتدارانی سیاسی لە تورکیا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی تایبەتی و گرنگیان لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و بگرە لە ناوچەکە هەیە



سەرکەتوو نابێت، ئەگەر تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو نەخشە سیاسییە تازەیە لەبەرچاو نەگیرێت.

٢- ئاشتی لەو ناوچەیە دروست نابێت ئەگەر تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ ئاشتی ناوچەکە لەبەر چاو نەگیرێت.

سەبارەت بەم دووخاڵە گرنگە پرۆ فیسۆر هنری بارکی لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت: ئەمریکا لە عێراقدا نەیتوانی ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنێت کە وەك ئامانج بۆخۆی لە عێراقدا دەستنیشانی کردبوون، هەروەها نەیتوانی نیزام و یاساش لە عێراقدا بچەسپێنێت.. بۆیە بە هاتنی ئۆباما بۆ کۆشکی سپی، ئۆباما بەرلەوەی بیر لەوە بکاتەوە داهاتووی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات، بڕیاریدا هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا پاشەکشە پێبکات)، پرۆ فیسۆر بارکی لە درێژەی راپۆرتەکەیدا دەڵێت ( بەڵام نیگەرانی سەبارەت بە داهاتووی عێراق لە بیری سیاسەتسازانی ئەمریکادا هەبوو، بۆیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەم گۆڕانە دراماتیکیانە لە سیاسەتی تورکیا روویدا ) بارکی ئەو گۆڕانکاریانە بەم شێوەیە پۆلین دەکات:

١- تورکیا لە ئابی ٢٠٠٩ دەستپێشخەرییەکی گەورەی کرد بە راگەیاندی سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا، ( جێگەی ئاماژە پێکردنە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەم سیاسەتە کرد ).

٢- تورکیا کە هەتا ئەوپەڕی دژی هەرێمی کوردستان و حکومڕانی هەرێمی کوردستان بوو، ١٨٠ پلە سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕی، پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوانتر کرد.

٣- لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە، بەرەو

**ئەو جوگرافیا سیاسییە کۆتایی پێهات، تورکیا و عێراق پێوەندیان ئاسایی بێت و هیچ حسابێک بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق نەکرێت**

**ئاشتی لەو ناوچەیە دروست نابێت ئەگەر تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ ئاشتی ناوچەکە لەبەر چاو نەگیرێت**

پێشەوەچوونەکان بەیەك گەیشتن ( واتە هەرێمی کوردستان وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی بۆ هەنگاوەکانی تورکیا هەبووە)، ئەمەش بووە هۆکاری دروستبوونی نەخشەیەکی تازەی جیۆسیاسیی تازە لەناوچەکە و تێگەیشتن لەسیاسەتی تازەی دەرەوەی تورکیا.

کەواتە سیاسەتی تازەی دەرەوەی تورکیا، کە ئەو سێ خاڵە گرنگەی ئاماژەمان پێکرد، ئەوا هەرسێکیان لە وتارەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٥ دا هەن کە لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاویکردۆتەوە، بۆیە وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی هەرێمی کوردستان بۆ سیاسەتی تازەی دەرەوەی تورکیا، تێگەیشتنی هاوبەشی هەردوولا بوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەو پێوەندی دراوسێیەتی باش لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، بارکی سەربارەت بە ئیلتزامی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر هەرێمی کوردستان، چوار خاڵی دیکە پێشنیار دەکات کە بریتین لە:

- پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە، ئەمە لە رووی سایکۆلۆژیەوە بۆ کورد زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کوردەکان هەست بکەن ئەمریکا بەفەرمی دانیان پێدادەنێت( ئەم خاڵە ئەمریکا هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە و بڕیاردراوە کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر بکرێتەوە).
- هەر کە حکومەتی تازەی عێراق پێکهات، ئەمریکا داوای هاوکاری لە یۆنامی و تەواوی لایەنە پێوەندارەکان دەکات کە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەربکرێن، ( ئەمەش واتە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠).
- هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بۆ پەسەندکردنی یاسای نەوت وگازی عێراق.( ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئێستا ئەنکەرا پشتگیری ئەو یاسای نەوت

ئەمە سەرکەوتنی ئیرادەی ئاشتی و پێکەوە ژیانە بەسەر ئیرادەی شەڕ و بەرهەمهێنانی توندوتیژی کە ژەنراڵە سەربازییەکانی تورکیا نەخشەیان بۆ دادەڕشت و مایکل رۆبین لە ئەمریکا دەهۆڵی بۆ لێدەدا و خەڵکانێکیش لە کوردستان دەیانکرد بە کوردی و دژی ئەو سیاسەتە راستەی سەرکردایەتی کوردستان بانگێشەی ژەهراویان دەکرد و بە هاوشانی بەرەی تورکمانی رای گشتی کوردستانیان پێدەشێواند



## مستەفا قەرەئۆغلۆ سەرۆكی دامەزراوەی ستاری رۆژنامەوانی



# ئەم سەردانەی بارزانی دەتوانێت بەشێوەیەكی زۆر پۆزەتیڤانە كار لە خەڵك و حكومەت بكات

و گازەی حكومەتی عێراقی فیدراڵ دەكات، كە رێگە دەدات بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی گرێدانی كۆنتراكت و بەڕێوەبردنی كێڵگە نەوتی و گازیەكانی خۆی هەبێت).

• هاوكاریكردنی هەرێمی كوردستان بەرەو حكومڕانی باش( Good governance لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆرە هەرێمی كوردستان پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ بەڕێوەبردن و حكومڕانی، ( هەڵوەستە كردن لەسەر ئەم خاڵە گرنگە لەبەر ئەوەی بەكارهێنانی چەمكی ( Good governance ) لەم راپۆرتە بەو مانایە نییە كە حكومڕانی ئێستا خراپە، نەخێر واتە هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت بۆ پتەوكردنی دامەزراوەكان، سەروەریی یاسا، واتە دروستكردنی دەوڵەتی قانوون، كە نەك ئێمە، بەڵكو هەموو دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو لەم قۆناغەدا پێویستی بە هاوكاری دەرەوە و بانكی نێودەوڵەتی هەیە. لەبەر ئەوەی پرۆفیسۆر باركی لە بەشێكی دیكەی راپۆرتەكەی سەبارەت بە پێگەی هەرێمی كوردستان وەك هۆكارێك بۆ ئەو گۆڕانكارییە گەورەی لە پێوەندییەكانی نێوان ئەنكەرا و هەولێر هاتۆتە ئاراوە بەمجۆرە ئاماژەیان پێدەكات:

١- هەرێمی كوردستان توانی خۆی دابمەزرێنێت، واتە توانی وەك كیانێكی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا نموونەیەكی دیموكراتی خۆی فەرز بكات.

٢- سەركردایەتی سیاسیی كوردستان لە بڕیارەكانی بەغدا بۆ داهاتووی عێراق رۆڵی یەكلاكەرەوە دەگێڕن، بۆیە ئەگەر توركیا بیەوێت رۆڵێكی لە حكومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت، ئەو رۆڵە لەهەولێرەوە دەست پێدەكات نەك لە بەغداوە.

٣- هەرێمی كوردستان وەك تەنیا كیانی كوردی لە مێژوودا توانی بۆ یەكەمجار وابكات بەشەكانی دیكەی كوردستان سوود لەیەكتری وەربگرن.

ئەمە پرۆفیسۆر باركی ئاماژەی پێكردون، رای بۆچوونی كادرێكی پارتی یان یەكێتی نییە، هەتا خەڵك بڵێن، ئەوە دەیانەوێت بۆ بە دەسكەوتەكانی رێككەوتنی ستراتیژی پارتی و یەكێتی هەڵبدەن، بەڵكو ئەمە رای یەكێكە كە پێشتر لەگەڵ گراهام فۆلەر بەڕێوەبەری پێشووی CIA كتێبێكیان بەهاوبەشی لەسەر چارەسەری كێشەی كورد بەناونیشانی (Turkey>s Kurdish Question) نووسی.

### سەردانەكەی سەرۆك بارزانی و ئاكامە چاوەڕوانكراوەكانی

سەبارەت بە كاریگەری سەردانەكەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ توركیا، ئێمە بۆ ئەم راپۆرتە راوبۆچوونی كۆمەڵێك سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار و ئەكادیمی ناوخۆ و دەرەوەی كوردستانمان وەرگرتووە، بەڕێز سوات كلینكلی ئۆغلۆ ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتیAKP و سەرۆكی لیژنەی پێوەندییەكانی دەرەوە لە پەرلەمانی توركیا سەبارەت بەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی: (بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە بەرزترین ئاستی پرۆتۆكۆل پێشوازی لێدەكرا، ئێمە سەردانەكەی بەڕێزیان زۆر بەسەردانێكی مانادار دەبینین . بە داخەوە بەهۆی

> ئەم سەردانەی بارزانی دەتوانێت بەشێوەیەكی زۆر پۆزەتیڤانە كار لە خەڵك و حكومەتی توركیا بكات...

د.کەیوان ئازاد ئەنوەر پسپۆر لە بواری مێژوو و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

# ئەم سەردانە بە یەکێک لەسەردانە پڕ بایەخ و گەورەکان دادەنرێت کە دوای دابڕانێکی گەورە دێت



کێشەی غەززە و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتی تورکیا . زیاتر میدیاکان بەوەوە سەرقاڵبوون، بەڵام بێگومان سەردانی بارزانی زۆر گرنگە و بووە وەڵامێکی چاك بۆ ئەو هەواڵەی کە گوایە دوایین هێرشی تیرۆریستی ئەنتاکیا دەبێتە هۆی دواخستنی ئەم سەردانە. بەڵام هاتنی بارزانی نیشاندەری بوونی هاوهەڵوێستی بوو لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە رووی تیرۆرەوە. لەم چەند هەفتەی دواییدا ژمارەی کوژراوەکانمان زیادی کردووە، چونکە پ.ك.ك دووبارە گەڕاوەتەوە سەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی توندوتیژی و ئەمەش بێئومێدی سیاسی لە وڵاتەکەمان دروست دەکات، بۆیەش هاتنی بارزانی لەم کاتەدا ئومێدمان پێدەدات لەم رووەوە)) .بەڕێز کینیکلی ئۆغلۆ لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان هاتوونە ئاراوە، بەڕێزی وتی: (لەم چەند ساڵەی دوایی هەوڵەکانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ باشترکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا رۆڵێکی باشی هەبووە و هەردوولاش وەڵامدانەوەی ئیجابیانەیان هەبووە. کەواتە وەك سیاسەتی تازەی دەرەوەی تورکیا لەسەر ئەوە دامەزراوە کە پێوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە و پێوەندییەکان لە گەشەسەندن بەردەوامدابن .هەروەك دەزانن ئێستا تورکیا لە پێوەندی کردندایە لەگەڵ هەموو لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی عێراق و بێگومان لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانیش لە ئاڵوگۆڕی بیروڕادایین بۆ سەقامگیرکردنی عێراق. ئێمە دەمانەوێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لەمبارەیەوە زیاتر بە روونی هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن، بە تایبەتی یەکێتی ئەوروپا ئەم هەنگاوانەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بەرچاو بگرێ و بەباشی هەڵیبسەنگێنێت. ئینشاڵلا دوای ئەم سەردانەی بەڕێز بارزانی، ئەم هەڵسەنگاندنە زیاتر دەبێ و گۆڕانی پۆزەتیفیش لە ناوچەکە روودەدا و دەشبێتە نموونەیەکی گرنگ. بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوە پۆزەتیڤانە چاودێری بکرێ لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە.)) دەربارەی ئەم پێوەندیانەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی تورکیا وتی: (سیاسەتی ئێمە بۆ یەکپارچەیی عێراق بەردەوامە. هەرێمی کوردستانیش بەشێکی گرنگی خاکی عێراق پێکدێنێ، هەروەك دەزانن بۆچوونی جیهانیش لەم چەندساڵەی دواییدا لەم بارەیەوە ئەوەیە کە عێراق بە یەك پارچەیی بمێنێتەوە. هەرچەندە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە رادەی توندوتیژی زیادی کردووە، بەڵام لەدوای گەیشتنی ئارامی و ئاسایش بۆ ئاستێکی باش و کۆنترۆڵکردنی دیموکراسی ناوەوەی عێراق، عێراق زۆر زیاتر متمانەی بەخۆی دەبێ و لە ئاستی جیهان و ناوچەکەشدا زۆر زیاتر گرنگ دەبێ... هەربۆیە زۆر گەشبینم بە داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ بەردەوام گەشەسەندنی پێوەندییەکانمان پێویستە سەرەتا لە توندوتیژی پ.ك.ك رزگار بین. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەر شوێنێك توندوتیژی

> **بانگهێشتکردن و پێشوازیکردنی بەرپرسانی تورکیا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی متمانەو ئیعترافکردنێکە بە گرنگی ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوە، هاوکات دانپێدانانێکیشە بە گەلی کورد و بوونی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی**

هەبێ خۆشـگوزەرانی. دیموکراسی و گەشەسـەندن نابێ. ئەم ناوچەیەش چەندین ساڵە بەدەست توندوتیژی ناڵاندویەتی. ئێمە هیچمان لە یەکێتی ئەوروپا کەمتر نییە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی ئابووری هەروەك لە رۆژئاوای ئەوروپا دروستکراوە. لەم رووەوەش تورکیا سیاسەتێکی تایبەت پەیرەو دەکا، زۆر گەشبینە بە دیتنی گەشەسەندنی پێوەندییەکان لە ماوەیەکی کورت.)

بەرێز فەلاح مستەفا ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی لەم سەردانەدا ئەمە یەکەمینجارە سـەرۆك بارزانی سـەردانی ئەو وڵاتـە دەکات و وەکو سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێشـوازییەکی بەرزی لێکرا. تورکیا وڵاتێکی گرنگە و پێگەیەکی سیاسی و ئابـووری بەهێـزی لەناوچـەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیە، رۆڵی ناوچەیـی گرنـگ دەگێڕێـت و لەنزیکـەوە چاودێـری هەمـوو پەرەسـەندنەکان دەکات، نەك تەنیا لە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو لـە سەرانسەری عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و ئیسـرائیلیش، لەبەرامبەریشـدا بنەمای دۆسـتایەتی و پێکەوە ژیان بنیات نرابێت. دەسەڵاتدارانی سیاسی لـە تورکیـاش گەیشـتوونەتە ئەو بڕوایەی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی تایبەتـی و گرنگیان لە هاوکێشـە سیاسـییەکانی عێـراق و بگـرە لە ناوچەکـە هەیە. تەنانـەت دیالۆگی شارستانی و نەتەوەکان و نزیکبوونەوەی نێوان رۆشنبیرانی تورك و رۆشنبیرانی کوردسـتان لەو روانگەیـەوە هاتووە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە عەقڵییەتی سیاسـی و تێڕوانینی تورکەکان هەیە بەرامبەر پێگەی بەهێـزی ئابووری

**تورکیا کە هەتا ئەوپەڕی دژی هەرێمی کوردستان و حکومرانی هەرێمی کوردستان بوو، ١٨٠ پلە سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕی، پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوانتر کرد**


UNITED STATES INSTITUTE OF PEACE www.usip.org

SPECIAL REPORT

1200 17th Street NW • Washington, DC 20036 • 202.457.1700 • fax 202.429.6063

Henri J. Barkey

Turkey's New Engagement in Iraq

Embracing Iraqi Kurdistan

About the Report

On the eve of the U.S. withdrawal from Iraq, relations among Turkey, Iraq, and the Kurdistan Regional Government have been dramatically transformed for the better. While this report examines the change in relations and what led to the improvements, it also argues that grounds remain for continued concern, as sustained attention is needed on the eve of the U.S. military's departure to prevent events from undermining the progress achieved to date. In this respect, this report reflects on an earlier USIP report written by this author titled *Turkey and Iraq: The Perils (and Prospects) of Proximity* that called attention to the dangers of the then-deteriorating relations between Turkey and Iraqi Kurds to

**هەرێمی کوردستان توانی خۆی دابمەزرێنێت، واتە توانی وەک کیانێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا نموونەیەکی دیموکراتی خۆی فەرز بکات**

سەبارەت بە وردەکاری و کۆبوونەوەکانی لـەم سـەردانە ئەنجامـدراون، لـە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: (سـەردانەکەی جەنابی مسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ تورکیـا بەسـەردانێکی گرنـگ و مێژوویی دادەنرێـت، لـە ئاژانـس و میدیـا تورکییەکانەوە ئامـاژە بەگرنگی ئەم سـەردانە کرا کە بۆ ٦ سـاڵ دەبێت هەرێمی کوردستان سەردەمێکی کۆنە هەڵگری ئاڵای دۆستایەتی و پێکەوە ژیانـی نەتەوەکانـی ناوچەکەیـە، سـەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بـەوە کردووە ؛سیاسـەتی کرانـەوە بـە رووی جیهانـدا پەیڕەو دەکات، تاوەکـو لـە رێگـەی ئەو سیاسـەتەوە بتوانێت ببێتـە خاوەنی پێوەندییەکـی توندوتۆڵ کەلەسـەر هەرێمی کوردسـتان. هەر بۆیە دوای ئەم سەردانەی سـەرۆکی کوردستان دەرفەتێکـی مێژوویـی و گرنـگ هاتۆتە پێش بۆئەوەی تێگەیشتنێکی زیاتـر و بەرنامەڕێژی هەبێت، تاوەکو لەداهاتوودا هەماهەنگی و هاوکاری زیاتـر هەبێـت لـە نێـوان گەلانی ناوچەکە، جەنابی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتی سەردانەکەی بەڕێز داود ئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردسـتان و

ئەمجارەش لەتورکیا رایگەیاند: ((ئێمە لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵین و پێشوازی لەسیاسەتی کرانەوە دەکەین کە تورکیا لەناو وڵات پەیرەوی دەکات، ئەمە نەك تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان جێی بایەخ و گرنگیدانە، بەڵکو بۆ پێکەوە ژیانی کورد و تورکیش لە تورکیا خاڵێکی گرنگ و ئیجابییە بۆ هەموو لایەك..))، لەلایەکی ترەوە ئەو سیاسەتەی لە تورکیا ئێستاکە پەیرەو دەکرێت بۆ پەیوەندی دۆستانە و لێك تێگەیشتن بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لە داهاتوویەکی نزیکدا رێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی و رۆشنبیری و کولتووری پێوەندییەکان زیاتر بەرەو پێشەوە بچن، لەم پێناوەشدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی یارمەتیدەر و پشتگیری بگێڕێت لەو سیاسەتە راست و دروستەی کە پەیرەو دەکرێت، بۆنموونە وڵاتی تورکیا بایەخ بە پرۆسەی سیاسی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەعێراقدا دەدات، ئەوان چەندین جار و لەچەندین بۆنەدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە ((بەیەك چاو سەیری هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەکەنەوە))، بۆیە لەمبوارەدا کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی خودی جەنابی سەرۆکی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی دەتوانێت رۆڵێکی ئیجابی ببینێ بەوەی پشتگیری و کار بۆ دامەزرانی حکومەتێك بنێت کە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقی لەخۆ گرتبێت و ئەو حکومەتە ئاماژە بە پێکهاتەی راستەقینەی عێراق بکات، ئەمەش لە بەرژەوەندی سەرجەم گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دایە، لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لەنێوان تورکیا و عێراقیشدا بەوەی عێراق ئارام و سەقامگیر بێت و بتوانێت لەبواری ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان بەرەو پێشەوە بچێت و تورکیا پشکی سەرەکی بەرکەوێت، هاوکات عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم پرۆسەیەدا بەرژەوەندییان هەیە، بۆیە لەهاوکێشەو پرۆسەی کرانەوەو لێکنزیکبوونەوەو لێك گەیشتن هەموو لایەنەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان و عێراق سوودمەند دەبن. ئێمەش لەهەرێمی کوردستان بوونی ئەو پێوەندییە بە مەسەلەیەکی راست و دروست دەزانین و بوونی ئەو پێوەندییە بە خاڵی هاوبەش دەزانین و دەتوانین کاری زیاتری لەسەر بنیات بنێین و سوود لەو دەرفەتە وەربگین کەلە تورکیا هەیە.)) سەبارەت بەو خاڵە گرنگانەشی کەلە کۆبوونەوەکاندا باسیان لێکراوە، بەڕێز فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی: ((لەدیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی هەرێم کە لەگەڵ رەجەب تەیب ئۆردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا و پرۆفیسۆر داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە جێگری سەرۆك وەزیران و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی باڵای دیکەی تورکیا ئەنجامدران،

**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە بڕیارەکانی بەغدا بۆ داهاتووی عێراق رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن، بۆیە ئەگەر تورکیا بیەوێت رۆڵێکی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت، ئەو رۆڵە لەهەولێرەوە دەست پێدەکات نەک لە بەغداوە**


Username: Password:
ATLANTIC COUNCIL
IDEAS. INFLUENCE. IMPACT.
Home About People Programs Publications Events Get Involved Press

FEATURED PUBLICATIONS
NATO, Terrorism and Irregular Threats
MORE INFO
International Maritime Safety and Security Exchange
MORE INFO
STRATCON 2010: An Alliance for a Global Century
MORE INFO

Home :: Transatlantic Relations
Confidence Building between Turks and Iraqi Kurds
June 01, 2009
Download Publication PDF
The Obama administration's "responsible redeployment" from Iraq is made even more urgent by the requirements resulting from worsening conditions in Afghanistan and Pakistan. For redeployment to occur on scale and on schedule, the United States seeks an end-state in Iraq that is stable and at peace with its neighbors. Simmering sectarian violence is inevitable, but it will not break Iraq. However, ethnic conflict between Arabs and Kurds could escalate into a major conflagration with regional implications.
About the Report:
The Atlantic Council of the United States (ACUS) convened a meeting of Turks and Iraqis,

MOST POPULAR PUBLICATIONS
International Maritime Safety and Security Exchange
China as a Regional Player
Global Trends 2025: A Transformed World
NATO, Terrorism and Irregular Threats
NATO Initiatives for an Era of Global Competition
FEATURED EVENT
Moving the Transatlantic Partnership Beyond the Prague Agenda

**تورکیا بەبایەخەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان و دەیەوێت پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و کوردستان بەئاراستەیەکی ستراتیژی و درێژخایەن دابڕێژێت**

## فەردا جەمیل پاشا ئەندامی ژوورەکانی بازرگانی ئەستەنبوڵ و دیاربەکر



# سیاسەتی ئاشتیانەی سەرۆک بارزانی ئەم بارودۆخەی ئێستای لە نێوان تورکیا و کوردستان دروست کردووە

ئەم سەردانە سەرەتای هەنگاوێکی نوێیە بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و گەلی تورک

بـــەردەوام تەئکید لەوە کرایەوە (تورکیا بەبایەخەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان و دەیەوێــت پێوەندییەکانــی لەگەڵ عێراق و کوردســـتان بەئاراستەیەکی ســـتراتیژی و درێژخایـــەن دابڕێژرێت ..)، لــەم پێنـــاوەش دا هاتنی گەورە بەرپرســـانی تورکیـــا بــۆ هەرێمی کوردســـتان و کردنەوەی کونسوڵخانەو هاندانی کردنەوەی لقــی بانکەکانی تورکیـــا لـــە کوردســـتان و هەروەها هاندانـــی کردنەوەی هێڵی ئاســـمانی تورکیا بـــەوەی بە فەرمی گەشـــت هەبێت لە هەرێمی کوردســـتانەوە بۆ تورکیاو دەیـــان کارو پڕۆژەی تر، کە هـــەر هەموویـــان پێگـــەی بەهێزی سیاســـی و ئابووری کوردستان نیشان دەدەن. هەر بۆیە ئێمەش جەخت لەسەر باشـــترکردنی پێوەندییەکان دەکەینەوە لەگـــەڵ ســـەرجەم دراوســـێیەکان بە تایبەتی لەگـــەڵ تورکیادا، لەهەموو دیـــدارەکان و گفتوگـــۆکان تەئکید لەســـەر ئەو خاڵە کراوەتەوە «پێویستە ئەم پێوەنـــدی و تێڕوانینە هاوبەشـــە پەرەبســـێنێت و زیاتـــر هەوڵبدرێت بۆ


EAL ESTATE |SHOPPING

eet today to discuss ongoing conflict between the Kurdistan Workers' Party
G) will be listening with hope. We welcome this meeting. The only solution to

erm solution to this problem. To this end, we propose talks among Ankara,

د.خالید حەیدەر پسپۆری ئابووری لە زانكۆی سلێمانی



# ئەم هەنگاوە سەرەتایەكە بۆ پێداچوونەوە بەسیاسەتی مێژوویی دوورودرێژی تورك بەرامبەر بەگەلی كورد

ئەوەی ئەم پێوەندییانە پەرەبسێنێت و بخرێتە ئاستی باشتر و پێشكەوتووترەوە». پێموایە بوونی ئەو تێڕوانینە هاوبەشە بەرەو داهاتوویەكی گەشەكردوومان دەبات و ئومێدمان بەرەو داهاتوو باش دەكات. هەوڵیش دەدەین ئەو پێوەندییانە لەخزمەتی هەموو لایەك دا بێت.)) لەبەشێكی دیكەی لێدوانەكە بەبرپرسی پێوەندییەكانی دەرەوەی حكومەتی هەرێم و ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەكردەوە(لەم سەردانەدا ئەو راستییەمان بۆ دەركەوت رۆژ لەدوای رۆژ سەنگ و پێگەی بەهێزی جەنابی سەرۆكی هەرێم زیاتر دەبێت و لەو هاوكێشەیە پێگەی هەرێمی كوردستان تۆكمەتر و بەهێزتر دەبێت، لەم سەردانە مێژووییەدا چەند خاڵێك هەبوو بە بەردەوام تەئكیدی لەسەر دەكرایەوە، ئەویش (پاراستن و بەهێزبوونی پێوەندی دوو قۆڵی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان، پرۆسەی سیاسی و ئاكامی هەڵبژاردنەكان،

**نزیكبوونەوەی توركیا لە پێوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان و بانگهێشتكردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، دەستپێكردنی گفتوگۆو وتووێژێكی فەرمی و جددییە لەگەڵ هەرێمی كوردستان**



The Washington Post

NEWS | POLITICS | OPINIONS | BUSINESS | LOCAL | SPORTS | ARTS & LIVING | GOING OUT GUIDE | JOBS | CARS | RE

## Kurdistan's Hope for Talks

By Nechirvan Barzani
Monday, November 5, 2007

When President Bush and Turkish Prime Minister Recep Tayyip Erdogan me
(PKK) and Turkey, we in the Kurdistan Regional Government of Iraq (KRG
this decades-old problem lies in diplomacy.

Let me be clear: The KRG is, and will remain, fully prepared to find a long-te



بواری دانوستاندن و ڕێککەوتنی نێوان گرووپەکانیش دەستی پێکرد..)، لەگفتوگۆکان بە بەردەوامی باس لەوە کرا چۆن ئەو پێوەندییانەی ئێستا هەیە زیاتر و بەهێزتر بکرێت و ئاڵوێری بازرگانیش ڕێکبخرێت، هاوکات باس لەپلان و بەرنامەو ڕۆشنبیری و کولتووری و ئابووری و سیاسی کرا و هەماهەنگیش بنرێت لەپێناو ڕاکێشانی نەوتی خاو و پەرەسەندنی پێوەندییەکان. هەروەها جەنابی سەرۆکی کوردستان جەختی لەسەر سیاسەتی دژی توندوتیژی کردەوەو دووبارە ئاماژەی بەوە کرد، کە ئێمە دژی توندوتیژین و لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیداین، بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیش پەنا دەبەینە بەر دیالۆگ و گفتوگۆی ئاشتیانە، وروژاندنی ئەم تەوەرانەو گفتوگۆکردنی ئاشتیانە و لێك تێگەیشتنی لە گرنگترین سیماکانی چاوپێکەوتن و دیالۆگەکانی سەرۆکی کوردستان بوو لەگەڵ گەورە بەرپرسانی تورکیا، سەرەتای پێوەندییەکی نوێیە بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا یاریدەدەر و ڕێخۆشکەر بێت بۆ بەهێزبوون و چوونە پێشەوەی پێوەندییەکان.))

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەردانی بەرپرسانی تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان؟ فەلاح مستەفا بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوە: (سەرۆکی کوردستان لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەدا بانگهێشتی بەرپرسانی تورکیای کرد، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و لە داهاتوودا ئەو سەردانانە ئەنجام دەدرێت، خاڵی گرنگی سەرکەوتنی گفتوگۆکان لەوەدا بوو ئەوانیش بە بڕواوە هاتوونەتە پێش و ئومێدی

**بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان سەرکردەیەکی سیاسی کورد کە سەرۆکێکە لە دەنگدانێکی جەماوەریدا و لە پرۆسەیەکی ئازاد لە ٧/٢٥ بەزۆرینەی دەنگدەران و ڕێژەیەکی گەورە متمانەی دەنگدەرانی بەدەستهێناو بووە سەرۆکی کوردستان و بەفەرمی بانگهێشتی تورکیا کراوە و لەبەرزترین ئاست و پێگە پێشوازی لێکراو گفتوگۆی لەگەڵ دا کرا**



**بانگهێشتكردن و پێشوازیكردنی بەرپرسانی توركیا لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان جگە لەوەی متمانەو ئیعترافكردنێكە بە گرنگی ئەو سەرۆكە هەڵبژێردراوە، هاوكات دانپێدانانێكیشە بە گەلی كورد و بوونی هەرێمی كوردستان وەكو هەرێمێكی فیدراڵی**

حسام حەکیم بەڕێوەبەری ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان

# پێوەندییە سیاسییەکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ پتەوبوونی پێوەندییە ئابوورییەکان



بەهێزکردنی پێوەندییە ئابوورییەکانە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان هەنگاوێکی باشەو سەرەتایەکیشە بۆ نزیکبوونەوەو تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی ئابووری

ئەوەیان هەیە لەداهاتوودا پێوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتی تورکیا لەسەر بنەمای پێوەندی ستراتیژی درێژخایەن و هاوبەش دامەزرێت و بەرنامە دانرێت و ریزبەندی بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پێوەندییە ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنانەکان بکرێت و بەسوودی هەردوولا تەواو بێت، بۆیە پێیان باش بوو زیاتر کار لەسەر خاڵی هاوبەش بکرێت و سوود لەم دەرفەتە وەربگیرێت.)) لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی ئەم راپۆرتە لە بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە، بەوەی ئایا مەبەستی جەنابی سەرۆکی کوردستان چی بوو کاتێك لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی ئاماژەی بەوەکرد: (هەرێمی کوردستان پردێکی پتەوە بۆ پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق..)؟ لەوەڵامدا فەلاح مستەفا وتی: ( جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەبەستی ئەوەبوو هەرێمی کوردستان و گەلەکەی رۆڵ و پێگەی خۆیان هەیە لەناوچەکەو کاریگەری راستەوخۆشیان لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئابووری عێراق هەیە، بۆیە دەتوانرێت کار لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانە بکرێت تاوەکو عێراقێکی سەقامگیر دابمەزرێت، چونکە تورکیا بەرژەوەندی لەوەدایە عێراقێکی ئارام و سەقامگیر و دیموکراتی بێتە کایەوە، هەروەکو چۆن عێراقیش بەرژەوەندی لەوەدایە خاوەنی دراوسێ و دۆستانی باش بێت لەناوچەکەدا، لەم پێناوەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت خاڵی هاوبەش بێت بۆ پێکهێنانی عێراقێکی دیموکراتی کەلەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و دۆستانە مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانی بکات. هەرێمی کوردستان دەکرێت ئەو دەروازەیە بێت بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکات بۆ بوونی پێوەندی هاوبەش و لێك تێگەیشتن لەنێوان حکومەتەکانی ناوچەکە).

سەبارەت بە تێڕوانینی رۆژنامەگەریانەی تورکیاش بۆ ئەم سەردانە مێژوویەی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا و هەڵسەنگاندیان بۆ ئەم رووداوە، بەڕێز مستەفا قەرەئۆغلۆ سەرۆکی دامەزراوەی ستاری رۆژنامەوانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە وتی: (هاتنی بەڕێز بارزانی بۆ تورکیا زۆر گرنگە، هەرچەندە چالاکی پ.ك.ك لەم رۆژانەدا زیادیکردووە و لە ناوخەڵك بۆتە هۆی دروستبوونی کاردانەوەیەك. بەڵام ئەم سەردانەی بارزانی دەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر پۆزەتیڤانە کار لە خەڵك و حکومەت بکات.. ئێستا پێوەندییەکی ئابووری زۆر نزیك لە نێوان هەردوو لادا دروست بووە، هەروەها لە رووی مێژوویی ناوچەکەشەوە رابردووێکی گرنگمان پێکەوە هەیە. بەم دواییانە بەشێوەیەکی زۆر جددی هەنگاو هەڵگیراون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەمەش زۆر بەخێرایی گەشەی سەند. دەوڵەتی تورکیا و حکومەتەکەی لە رووی سیاسییەوە دەستیکرد بە نزیکبوونەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان نزیك بۆتەوە کە دەتوانین بڵێین لە رووی ئابووری، هاوپەیمانی سیاسی و قازانجی هاوبەش نزیك بۆتەوە کە ناتوانرێ لە ئەمڕۆدا لەگەڵ یەك دوو ساڵ پێش ئێستا بەراوردی پێبکرێ. بەڵام هەروەکو دەزانن پ.ك.ك بەربەستە لەبەردەم گەشەسەندنی

**یونس عەلی ئەحمەد شارەزا لە بواری ئابووری لە زانکۆی سلێمانی**



# ڕاکێشانی وڵاتێکی وەکو تورکیا هەنگاوێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی هەرێم

ئەم پێوەندیانە، بە تایبەتی لەم چەند مانگەی هاویندا کە چالاکیەکانیان زیادیکردووە و دوبارە دەستیان کردەوە بە زیندووکردنەوەی کێشە کۆنەکان. لەمبارەیەوە هەڵوێستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیش زۆر پۆزەتیڤانەیە).

لە ناوەوەی کوردستانیش بەڕێز د.کەیوان ئازاد ئەنوەر پسپۆر لە بواری مێژوو و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی سەبارەت بە بایەخی ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان بۆ تورکیا و لە لێدوانێکدیدا بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە بایەخی ئەم سەردانەی هەڵسەنگاند و وتی: (سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا تەنیا سەردانێکی سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی پارت و لایەنێك و سەردانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەم سەردانە بە یەکێك لەسەردانە پڕ بایەخ و گەورەکان دادەنرێت کە دوای دابڕان و دژایەتیکردنێکی زۆری حکومەتەکانی تورکیاوە دێت کەبەرامبەر گەلی کوردستان و کورد گرتووبوویانە بەر، بۆیە وای دەبینم لە داهاتوویەکی نزیکدا شوێنەوار و دەرئەنجامی خۆی لێدەکەوێتەوە، لێکنزیکبوونەوەی وڵاتێکی وەکو تورکیا لە هەرێمی کوردستان چەندین لایەنی پۆزەتیڤی بۆ کورد بەگشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی دەبێت، بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان سەرکردەیەکی سیاسی کورد کە سەرۆکێکە لە دەنگدانێکی جەماوەریدا و لە پرۆسەیەکی ئازاد لە ٧/٢٥ بەزۆرینەی دەنگدەران و ڕێژەیەکی گەورە متمانەی دەنگدەرانی بەدەستهێناو بووە سەرۆکی کوردستان و بەفەرمی بانگهێشتی تورکیا کراوە و لەبەرزترین ئاست و پێگە پێشوازی لێکراو گفتوگۆی لەگەڵ دا کرا، لەلایەکی ترەوە سەرۆکی هەرێم خاوەنی مێژوو و رابردوویەکی پاك و پڕ لەخەباتە، پێشمەرگەو پارێزەری هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانمانە، لەم بۆچوونەوە پێموایە ئەم سەردانە ئاسایی نییە و واتاو قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. بۆ یەکەمینجاریشە بەڕێز مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەڵبژێردراوی شەرعی گەلی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی تورکیا دەکرێت و پێشوازییەکی گەورەی لێدەکرێت. هەربۆیە بانگهێشتکردن و پێشوازیکردنی بەرپرسانی تورکیا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی متمانەو ئیعترافکردنێکە بە گرنگی ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوە، هاوکات دانپێدانانێکیشە بە گەلی کورد و بوونی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی کە خاوەن پێگە و هێزی سیاسی و ئابوورییە لەناوچەکەدا، سەردانی سەرۆکی هەرێم گۆڕینی عەقڵ و تێڕوانینی دەسەڵاتێکە کە بەدرێژایی مێژوو کوردیان وەکو نەتەوە نەناسیوەو دژایەتییان کردووە. کەواتە ئەم سەردانە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کورد نەتەوەیەکە دەمێنێت و ئەمڕۆ سەرکردەی هەڵبژێردراوی خۆی هەیەو جێگە پێگەی لە عێراقی فیدراڵ و ناوچەکەشدا دیار و لەبەرچاوە. لەلایەکی دیکەوە ئەمە نیشانەیەك بوو بەوەی تورکەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کێشەی کوردی تورکیا کێشەیەکی ناوخۆییەو دەبێت لەناو تورکیاوە چارەسەری بۆ بکرێت و دەکرێت لەمەشدا سوود لەهاوکاری و یارمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق وەربگرن.

**تورکەکان هەرزوو دوای دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گاز درکیان بەو راستییە کرد کە پێگەی ئابووری و دوارۆژی ئەم هەرێمە گرنگی تایبەتی دەبێت و کاتی ئەوە هاتووە دانوستان و زمانی دیالۆگ جێی هەڕەشەو زمانی زبر بگرێتەوە**

# ڕۆژی جیهانیی ژینگە



عەبدولڕەحمان سدیق *

لە (٥)ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك، جیهان بە گشتی و ژینگە دۆستان بە تایبەتی یادی بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگە (EDW) بەرز ڕادەگرن، ئەو ڕۆژەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەی (ستۆکهۆڵم)ی تایبەت بە ژینگەوە لە ساڵی (١٩٧٢)دا هێنایە ئاراوە، هەر لەو ڕۆژەشدا (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە) (UNEP) دامەزرا .

ئەم ڕۆژە بۆنەیەکە بۆ هۆشیاریی زیاتر لە بواری ژینگەداو، بۆ سەرنج ڕاکێشانی سیاسەتمەدارو بڕیار بە دەستانی جیهان بەلای ژینگەداو، دروستکردنی بایەخ پێدانێکی جیهانیی بە ژینگەو پێکهێنەرەکانی .

هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ بڕەودان بە ڕۆڵی کۆمەڵگە لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو، دروستکردنی هەستێکی جیهانی لای دانیشتووانی گۆی زەوی بەو بەیەکەوە بەستنەوەیەی کە چارەنووسی هەموویانی بەیەکەوە گرێداوە.

بەدەرکەوتنی شوێنەوارە نیگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لەبواری پیشەسازیی و بیناسازیی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێك لەکارگەو زیادبوونی لە ڕادبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەکارهێنانی بێ سنوری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێ نەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئایندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە، کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگەو هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بەشوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و...هتد، هەموو ئەمانە پاڵی بەزۆرێك لەتوێژەرو کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کەهەڵوێستەیەك بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی ناڕەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لەزۆر لاوە بڵندبۆتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تادێت دەستەو کۆمەڵەو گروپ و لیژنەو وەزارەتی تایبەت بەژینگە لەوڵاتان دێنە ئاراوە، بەجۆرێك کەڕۆژ نیە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن یان گۆڤارو بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگەو مەترسییەکانی پیسبوون نەکرێت.

وڵاتی ئێمەو هەرێمی ئێمەش لەسایەی دەستکردن بەپەرەپێدانی فراوان واچاوەڕوان دەکرێت لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازیی و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بەهۆکارەکانی گواستنەوە، زیادەڕەویی لەبەکارهێنانی سامانی سروشتیی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستیی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و ژینگەی ڕۆشنبیرییدا.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگەو چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەش لەهەمانکاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لەجاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوەو ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کەدەتوانرێت بەهۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن یان کەم بکرێنەوە.

پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کەئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش لەجیهاندا.

ئێمەش کەبەشێکین لەم دنیایەو لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی تواناو لەسنوری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لەڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا، پێویستە لە بیری ئەوەدا بین کە دابین کردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە ڕووی ژینگەییەوە لە مافە سەرەکی یەکانی خۆیەتی وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی .

دەستکەوتنی ئاوی خاوێنی خواردنەوە، بوونی سیستمێکی گونجاو بۆ ئاوەڕۆکان و، بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ ڕزگاربوون لە پاشماوەو پاشەڕۆکان و، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و، دووبارە دارشتنەوەی دیزاینی شارەکان بەئاراستەی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی زیندە جۆرەکان و، هەڵگرتنەوەی مینی چینراوو . هتد لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤن.

بۆ هەمووئەمانەش بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسیی و، ئیدارەیەکی زانستیانەی ژینگەیی زۆرگرنگن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگەو، هاوکاریی نێودەوڵەتیی و، کەمکردنەوەی هەژاریی و، کۆنترۆڵکردنی جەنگەکان و، پەیڕەوکردنی پەرەپێدانی هەمیشەیی و بەردەوام (Sustainable Development) هەنگاوی زۆر گرنگن کە کاردەکەنە سەر گۆڕینی دروشمەکان لە وشەوە بۆ کردار، لە قسەوە بۆ پرۆژە.

ڕۆژی جیهانیی ژینگە، هۆکارێکیشە کە بە هۆیەوە گەلان ڕۆژی تایبەتیان بۆ ژینگەی لۆکاڵی خۆیان دیاری کردوو، تیایدا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نیشتمانی، چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن لە پێناوی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا، بۆ نموونە:-

- (٥)ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانیی ژینگە یە .
- (١٤)ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ڕۆژی ژینگەی وڵاتە عەرەبییەکانە .
- (١٥)ی نیسانی هەموو ساڵێك ڕۆژی ژینگەی عێراقە، کە بە نوسراوی ڕەسمی ئاراستەی ئەنجومەنی حوکمی عێراقم کرد وەك پێشنیارو، ئەنجومەنیش بە ڕەسمی پێشنیارەکەی پەسەندکردوو، لە ساڵی (٢٠٠٤)وە هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا لە پارێزگاکانی عێراقدا چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت .
- ڕۆژی (١٦)ی نیسانی هەموو ساڵێکیش ڕۆژی ژینگەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە پێویستە لەو ڕۆژەدا گرنگیی ژینگە زیاتر بۆ هاوڵاتیان ڕوون بکرێتەوە

* وەزیری ژینگەی پێشووی عێراق

# مەسەلەی فەیسەل شازادو دورایيە کەلتورییە- کۆمەڵایەتییەکانی



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

ئەو پرسیارەی کە لەم دواییەدا لەئەمەریکا زۆر بەگەرمە گوڕی هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامەکەی دراوە ئەوەیە کە: چی وای لەفەیسەل شازاد کردووە هانا بۆ کردەوەیەکی تیرۆریستی ببات؟ هۆی سەرقاڵبوون بەدۆزینەوەی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە پاساوی خۆی هەیە. لە راستیدا مەسەلەی فەیسەڵ شازادی پاکستانیە پێش ئەو مەسەلەی عومەر حەمامیی سۆماڵی کەهەردووکیان موسڵمانن رەگەزنامەی ئەمەریکاییان هەیە، دوو مەسەلەن بونەتە هۆی بەگومان کەوتن لەتواناو کارایی سیستمی کۆمەڵایەتی- ئابووریی رۆژئاوا کە نەیتوانیوە هەلومەرجێکی لەبار بۆ تێکهەڵکێش بوونی پەنابەرە موسڵمانەکان لەگەڵ ژینگە تازەکەیاندا دستەبەر بکات.

مەسەلەی فەیسەل شازاد تایبەتمەندیی خۆی هەیە چونکە کەس چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرد لەهەرێمی وەزیرستان لەپاکستان فێری هونەری دروستکردنی بۆمب بێ لەگۆڕەپانی تایمز سکوێر لەنیویۆرك پلانی کردەوەیەکی تیرۆریستی دابنێ. کابرا تەمەنی ٣٠ ساڵەو هەمووی ساڵێکە رەگەزنامەی ئەمریکیی وەرگرتووە. جگە لەوە، خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵە. بێکاریش نەبوو. موچەکەی بەشی دەکردو لەشوێنێکی باشیش دامەزرا بوو. سەرنجراکێشترین تایبەتمەندیش ئەوەیە کە شازاد لەپاکستان لەسەر دەستی مەلا توندڕەوەکان پەروەردە نەکراوەو باوکی ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانیی پاکستان بوو. بنەماڵەکەی نە لەپاکستان هەژاریی بەخۆوە دیوە نە لەئەمریکا. هەر توێژینەوەیەك لەم بارەیەوە بەو ئاکامە دەگات کەوەرچەرخانی شازاد بەلای تیرۆردا شتێکی چاوەڕوان نەکراوە.

لەم بارەیەوە ئەمە یەکەم نمونە نییە. ساڵی پار عومەر حەمامی ئەمریکای بەجێ هێشتە گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆیە لەوێ پەیوەندیی بەگروپە توندڕەوەکانەوە کردو چەکی هەڵگرت.

ئەمە دەری دەخا کەبەشێکی زۆر لەهاووڵاتییانی جیهانی ئیسلام کە بەرۆژئاوا سەرسامنە وڵاتی خۆیان بەجێ دێڵنە دەچن لەوێ دەژین، زۆر نابا هەست بەنامۆیی دەکەنە ناتوانن تێکهەڵکێشی شارستانێتییە تازەکە بنە لەگەڵ دابە نەریتە شێوەی ژیانی ژینگە تازەکەدا ناگونجێنە ورده ورده لێی دور دەکەونەوە، بەرادەیەك کە لەسەرەنجامدا هەندێکیان بەدورکەوتنەوە داناکەون بەڵکو هەڵدەگەڕێنەوە تەواوی ژینگەکە بەدوژمن دادەنێن. لەنمونەی حەمامیدا، کابرا وڵاتە پێشکەوتووەکەی بەجێ هێشتە بۆ یەکێ لەبەجێماوترین وڵاتانی جیهان گەڕایەوە، چووە ریزی رێکخراوە تیرۆریستەکەی لاوانەوە کەوتە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی. لەنموونەی دووەمدا، شازاد بڕیاریدا لەو وڵاتەدا کردەوەی تیرۆریستی بکا کەتێیدا دەژی.

ئەم دوو نمونەیە لەکاتێکدا دەبنە مایەی کەمکردنەوەی متمانەی هاووڵاتییانی رۆژئاوا بە پەنابەرە موسڵمانەکان، دەرخەری ئەوەشن کە شارستانێتیی رۆژئاوا بەو هەموو هەژمونە تواناو پێشکەوتنەی نەیتوانیوە مەرجی پێویست بۆ تێکهەڵکێشبونی کەلتورە جیاوازەکان فەراهەم بکات.

بەشێکی بۆچونە ئەمەریکییەکان ورد بۆ مەسەلەکە دەچنە هەمو ئۆباڵەکە ناخەنە سەر کەلتوری باوی جیهانی ئیسلام. وتارێکی رۆژنامەی یوو ئێکسپرێس سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشا کە لەساڵەکانی بیستە سیی سەدەی رابردوو، کاتێك هێشتا دیاردەی ئیسلامی رادیکال سەری دەرنەهێنابوو، بەشێکی ئەمریکاییە بەبنەچە ئەڵمانەکان بەرژێمی هتلەر ئەوەندە سەرسام بوون کەنەیانتوانی دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئەمەریکا ساغ بکەنەوەو مەسەلەکە گەیشتە رادەی بەگومان کەوتنی کاربەدەستانی ئەمەریکا لەهەر ئەڵمانییەکی ئەمریکیە گرتنی.

لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییە ئەمەریکییەکان زۆرتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنە کە کەسانی وەك شازادو حەمامی لەبەر چەردەیەك هۆکار سەریان لێ شێواوەو کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوەو نەیانتوانیوە لەو ژینگە مۆدێرنەی تێیدا دەژین، حەزو ئاواتەکانیان بەدی بێنن. ئەمە بەو مانایە دێ کەئەم کەسانە ویستویانە تۆڵە لەو کۆمەڵگایە بکەنەوە کەئاواتەکانیان تێیدا نەهێناوەتە دیە بەسەرلێشێواوی رێگایەکیان هەڵبژاردوە کەتەنانەت بۆ خۆیشیان زیانبەخشە.

بەهەر حاڵ، مەسەلەی شازاد لەئەمریکا زۆر بەوردی لێی دەکۆڵدرێتەوەو هیچ گومانێك لەوەدا نییە کەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە کاریگەری لەسەر هەنگاوەکانی ئاینده بەجێ دێڵێ.



# لە پرۆسەی سیـ
# هەموو ڕێگەکان دێـ

ئەوەی بیەوێت لەبەغدا دەسەڵاتدار بێت دەبێــت حکومەتێك پێکبهێنێت تێڕوانین و خواســتەکانی گەلی کوردســتانی ڕەچاو کردبێت، ئەگــەر نا جیا لەوەی ئــەو حکومەتــە ســەرکەوتوو نابێت، لەهەمانکاتدا شــەرعیەتی نیشتمانی نابێت و گرنگترین پێکهاتەی سەرەکی کــە ئەمرۆ لە پرۆســەی سیاســیی عێراقدا کوردە بەشــداری تێدا ناکات، ئــەم بۆچوونــە ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ بە ئاســتێك خۆی دەســەلمێنێت، کە هەموو لایەنەکانی عێــراق بەتایبەتی ئــەو لایەنانەی دەیانەوێــت حکومەت پێکبهێنن ڕووبەڕووی ئەو واقیعە دەبنەوە بەبێ ڕەچاوکردنی خواســتەکانی کورد حکومــەت پێکنایــەت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئــەوەی کە بــۆ پێکهێنانی حکومەتێکــی ســەرکەوتوو هەمــوو سەردانی کوردستان بکەن و بچنە لای سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی سەبارەت بە چۆنیەتی حکومەتی داهاتووی عێراق وتووێژ بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تێڕوانینەکانی کورد بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق چین؟ ئایا خواســت و تێڕوانینەکان بــەو جۆرەن کە لایەنی بەرامبەر ســازش بکات، یــان داوای ئەوەی لێبکرێت لەبەرامبەر خواستەکانی کورد نەرمی بنوێنێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە کــە وەڵامێکی لۆژیکیانەی هەیە و لە هەمانکاتدا وەڵامێکی قورسیشــە بۆ ئەوانەی لەسەر ڕیتمی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەعێــراق و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ڕانەهاتوون، هەربۆیە وەك نزار جەنابــی لەم ڕاپۆرتە جەختی لەســەر دەکاتــەوە کە سیاســەتمەدارە عێراقییەکان بەتەواوەتــی لە هونەری پیادەکردنی سیاســەت تێنەگەیشتوون، ئەوەی پێویستە بۆ سەرخستنی پرۆسە سیاسییەکە پێوەی پابەند نابن،هەروەها ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان لە زۆربەی

**کاتێک خۆ دزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستوور یان هەوڵدان بۆ پشتگوێ خستنی ئەو ماددانەی پەیوەندی بە خواستی کوردەوە هەیە ئەوا ئەو کات دەبین سنوری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن تەسک دەبێتەوە و خاڵی هاوبەش نامێنێت بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت**



# ـــاسیی عێراقدا
# ـــنەوە بۆ كوردستان

دیمانه‌كانمان جه‌خت له‌ســه‌ر وه‌رگرتنی راوبۆچوونــی سیاســه‌تمه‌دار و لایه‌نه ســه‌ره‌كییه‌كانی ناو پرۆسه‌ی سیاسیی عێــراق ده‌كه‌ینــه‌وه و لێیان ده‌پرســین ئایا تاچه‌ند ئاماده‌باشــیتان تێدایه كه وه‌لامدانه‌وه‌یه‌كی ئیجابیانه‌تان بۆ پابه‌ند بوون به ده‌ســتووری عێــراق هه‌بێت و هه‌وڵه‌كانتان به‌و ئاراسته‌یه بێت حكومه‌تی داهاتووی عێراق لــه چوارچێوه‌ی ئه‌و ده‌ستووره‌دا پێكبهێنریت كه عێراقییه‌كان ده‌نگیان پێداوه؟ بێگومان ئه‌م پرسیاره‌ی ئێمه ده‌یكه‌ین هه‌مووی ئه‌و خواســت و تێروانیانــه‌ی كورد له‌خۆی ده‌گرێت كه پرۆســه‌ی حكومه‌تی داهاتووی عێراق داوای ده‌كات، به‌ڵام كاتێك خۆ دزینه‌وه له جێبه‌جێكردنی ده‌ستوور یان هه‌وڵدان بۆ پشــتگوێ خســتنی ئه‌و مادانه‌ی په‌یوه‌ندی به خواستی كورده‌وه هه‌یه، وه‌ك ماده‌ی ١٤٠ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی ناوچه جــێ ناكۆكه‌كان، ئه‌وا ئه‌و كات ده‌بین سنوری دیالۆگ و لێكتێگه‌یشتن ته‌سك ده‌بێته‌وه و خاڵی هاوبه‌ش نامێنێت بۆ ئه‌وه‌ی قسه‌ی له‌سه‌ر بكرێت، به‌ڵام ئێستا هه‌موو لایه‌ك به لایه‌نی ئیداره‌ی ئه‌مه‌ریكیشــه‌وه كه له پشــتی په‌رده‌وه رۆڵی سه‌ره‌كی له سه‌رخستنی پرۆسه‌ی سیاسیی عێراق و پێكهێنانی حكومه‌تی داهاتووی عێراق ده‌گێڕن، گه‌یشــتوونه ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی كه رێگه‌ی دروســت بۆ پێكهێنانی حكومه‌تێكی سه‌ركه‌توو و ئاییندەیه‌كی ســه‌قامگیر بۆ عێراق، ئــه‌و رێگه‌یه‌یه كه له‌كوردســتانه‌وه بۆ پێكهێنانی حكومه‌تی داهاتووی عێراق و سه‌رخســتنی پرۆســه‌ی سیاسیی و دابینكردنی ئاســایش و سه‌قامگیری ده‌خرێنــه روو، بۆیه هه‌مــوو رێگه‌كان روو له كوردســتان ده‌كه‌ن و هه‌ر ده‌بێت له‌و رێگه‌یه‌شه‌وه حكومه‌تی داهاتووی عێراق پێكبهێنریت و پرۆسه‌ی سیاسیی له عێراقدا سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێت.

**سیاسه‌تمه‌داره عێراقییه‌كان به‌ته‌واوه‌تی له هونه‌ری پیاده‌كردنی سیاسه‌ت تێنه‌گه‌یشتوون**

**نزار جەنابی  بۆ گوڵان:**

# ئێمە وەک عێراقی تا ئێستاش لە هونەری سیاسەتدا ڕانەهاتووین، ڕەخنە لە بەرامبەر دەگرین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خۆمان باشین

**نزار جەنابی ئەفسەری پێشووی عێراق و بەڕێوەبەری گشتی سیاسەتی بەرگری و پێداویستیە سەربازییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٤ -٢٠٠٥، یەکێك بوو لە توێژە دیارەکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆڕ و تایبەتمەند بوو لە سیاسیەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، جەنابی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کورد هەوێنی پرۆسەکە بوون، بۆ ئەمڕۆش ڕەوتی (سەدری) بووە بە هەوێن**

*** عێراق ئەمڕۆ بە قۆناخێکی هەستیار و ئاڵۆز تێدەپەڕێت، بەتایبەتی کە دەکەوینە قۆناخی دەسپێکی وتووێژەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەرای تۆ تاچەند ئەم قۆناخە هەستیار و پڕ ئاستەنگ دەبێت؟**

- ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر ئەستەم و هەستیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئادار براوەیەکی ڕوونی لێ نەکەوتەوە. هاوپەیمانی (عێراقییە) بە زۆرینەی دەنگ بردیەوە، ئێستاش لە قۆناغی بەستنی هاوپەیمانێتییەکاندایین و ئەمە بە قۆناغێکی زۆر هەستیار دەژمێردرێت. لەم قۆناغەدا دوو یاریزانمان بۆ دەرکەوت، کە بە واتایەکی تر پێیان دەوترێت هەوێنی پرۆسەکە (بیچە القبان). لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کورد هەوێنی پرۆسەکە بوون، بۆ ئەمڕۆش ڕەوتی (سەدری ) بووە بە هەوێن. هەر بۆیە، ئەمڕۆ دوو لایەنمان هەیە کە ڕۆڵی سەرەکیی هەوێنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەگێڕن. هەر قەوارەیەك کە بتوانێت یەکێك لەو دوو لایەنە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، چانسی باشی بۆ دەڕەخسێ لە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووبەڵام سەبارەت بەم قۆناغە ئەوە قۆناغێکی زۆر هەستیار و پڕ ئاستەنگ دەبێت و ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر داهاتووی عێراق دەبێت وەکو وڵاتێك و هەروەها کاریگەریی لەسەر پرۆسەی دەستووری دەبێت لە عێراقدا.



*** کێشەی پۆستی سەرۆك وەزیران هێشتا یەکلاینەبۆتەوە، تا ئێستا نازانرێت ئایا ئەیاد عەلاوی چانسی ماوە یان نە، هەروەها مەسەلەی ئەوەش هەیە کە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و ئیئیتلافی نیشتمانی کە ئەوان کاندیدی خۆیان دیاریی بکەن،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەیاد عەلاوی دووربخرێتەوە و چانسی نەدرێت ئایا تاچەند پرۆسەی سیاسیی ڕووبەڕووی تەحەددی دەبێتەوە؟**

- پێموایە کە دوورخستنەوەی د.ئەیاد عەلاوی لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت لەسەر ڕەوشی ئاسایش و باری سیاسی لە عێراق. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، ئیئتیلافی نشتیمانی یەکگرتوو سەرۆك وەزیرانی هەڵبژارد کە لەگەڵ هاوپەیمانەکەی گەورەترین براوە بوون، هەستان بە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران لە ناو ئیئتیلافەکەوە. هەر بۆیە، کە هەستان بە کاندیدکردنی بەڕێز د.نوری مالکی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران و ڕێککەوتن لەسەر هەڵبژاردن و هیچ قەوارەیەکی سیاسی ناڕەزایی دەرنەبڕی و بەرهەڵستکاریی نەکرد، لەبەرئەوەی د.نوری مالکی هەڵبژێردرابوو لەلایەنی قەوارەیەکی براوە کە زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێنابوو. وێڕای ئەوەی کە ئیئتیلافی نشتیمانی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ڕێژەی دەنگەکانی بەپێی پێویست زۆرینە نەبوو، هەروەها دەنگەکانیشی مایەی پێکهێنانی حکومەت نەبوو، بەڵام لەڕێگای ڕێککەوتنیان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمان توانییان بگەنە ڕێژەی پێویست و بگەنە ئەو ئاستەی کە بتوانن د.نوری مالکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبژێرن. سەبارەت بەم قۆناغەی کە ئێستا تیایدان، لەبارەی بەستنی هاوپەیمانەکان، تەنانەت ئەو هاوپەیمانێتییەش کە لەنێوان هاوپەیمانی (دەوڵەتی یاسا ) و (ئیئتیلافی نشتیمانی ) و (ڕەوتی سەدری ) ڕێککەوتنێکی

**دوورخستنەوەی د.ئەیاد عەلاوی لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت لەسەر ڕەوشی ئاسایش و باری سیاسی لە عێراق**

سەرەتاییە، بەڵام تاکو ئەمڕۆش، زەحمەتترین پرسیار کە هیچ کەس لەنێو ئەو دوو هاوپەیمانێتییەدا نازانێ وەڵامی بداتەوە ئەوەیە کە «ئایا کێ سەرۆکی وەزیرانی داهاتووە؟». کە دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی هاوپەیمانێتییان بەستووە و دەیانەوێ وەکو یەك قەوارە بۆ پەرلەمان برۆن، کەواتا پێویستە کاندیدەکەیان دەستنیشان بکەن بۆ سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵام تاکو ئەمڕۆش کاندیدیان نییە. لە لایەنێکی دیکەوە، ئەگەر تەماشایەکی لستەکەی د.ئەیاد عەلاوی بکەین دەبینین براوەکانی لستەکەی بریتین لە کەسایەتییە عێراقییەکانی ناوەراستی وڵات و باشوور و ناوچەکانی رۆژئاوا و ناوچەکانی سوننەکان، هەروەها لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشدارییان نەکردبوو. بەڵام وێرای ئەوەش، لیستەکەی براوەی هەیە لە پارێزگاکانی باشوور و لە بابل و نەجەف و کەربەلا و بەسرە و لە زۆربەی پارێزگاکانی تر. هەر بۆیە، لستەکەی د.عەلاوی لستێکی ناوەندییە بۆ هەموو عێراقییەکانە و نوێنەرایەتیی سەرجەم پارچەکانی عێراق دەکات. بەڵام ئەگەر بێت و ئەم لستە فەرامۆش بکرێ و خەڵکانی ئەو ناوچانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشدارییان نەکردبوو و ئەمڕۆ هاتنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەشدارییان تیاکرد بەو هیوایەی کە ببن بە بەشێك لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ئەگەر بێت و پشت گوێ بخرێن، لەوە دڵنیام کە تاکە رێگاچارەیان پەنابردنەبەر توندوتیژی دەبێت، هەروەها هەموومان دەزانین کە ئەو رێگاچارەیە لە بەرژەوەندیی عێراق نییە و بۆ هیچ لایەنێك یان قەوارەیەکی سیاسی باش نییە و زیان بە هەموو لایەك دەگەیەنێت. تاکو ئەمڕۆش هاوپەیمانێتییەکان روون نییە، قەوارەکان بوونیان هەیە و رەوشی ئاسایش بەردەوام روو لە خراپتر دەکات، هەرچەند پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت زیاتر دوابکەوێ ئەوەندە زیاتر رەوشی ئاسایش خراپتر دەبێت. هەر بۆیە، ئەرکی سەرەکیی سیاسەتمەدارەکانی عێراق بۆ ئەمڕۆمان بریتییە لەوەی کە پێویستە بەشێوەیەکی جددییانە دەست بکەن بە ئەنجامدانی وتوێژ و گفتوگۆ و بەرژەوەندیی عێراق پێش هەموو شتێکی تر بخەن و بە وردی بیری لێ بکەنەوە، هەروەها بەرژەوەندیی وڵاتمان بە سەرووتر بزانن لە بەرژەوەندییە ئەتنی و تایفەگەری و کەسی و تایبەتییەکانە.

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەگەر لەناوخۆی یەکەمدا عێراقییەکان لە پرۆسەی دانوستاندن سەرکەوتوو نەبن ئەوا ئەمریکییەکان دێنە ناو پرۆسەکە و گوشار بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی تەوافقێك لەنێوان عێراقیەکاندا دروست بکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەمریکا خۆی تێکەڵی ئەم پرۆسەیە دەکات؟**

- لەراستیدا، لەمیانی چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ هاورێیانمان لە واشنتن و ئەنجامدانی وتوێژ و گفتوگۆکاندا، سەرۆك ئۆباما لە راسپاردە و پێشنیار و رێنماییەکانی بۆ سەرکردەکان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەمیشە هەوڵبدەن کاریگەرییان نەبێ و تێکەڵی پرۆسەی سیاسی نەبن لە عێراق، هەروەها تا پێیان بکرێ کاریگەرییان کەمبکەنەوە و دەستێوەردانی پرۆسەکە نەبن، لەبەرئەوەی سەرۆك ئۆباما خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لا گرنگە و بەپێویستی دەزانێ بە زووترین کات هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێبکات، لەهەمان کاتیشدا سەرۆك ئۆباما باوەڕی بە ئاسایشی عێراق هەیە و بایەخ دەدات بە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق. بەڵام ئەگەر هات و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بینیی کە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق هەیە و دەوڵەتی داهاتووی عێراق کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە، لەکاتی پێویستدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستێوەردانی دەبێت و تێکەڵی پرۆسە سیاسییەکە دەبێت. بەڵام سەبارەت بە رۆڵی ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق، هەروەکو باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق دەڵێت کە رۆڵی ئەمریکا تەنیا ئامۆژگاری و پێشکەشکردنی پێشنیارەکانە و هاوکاریکردنی عێراقییەکان، بەڵام لەکۆتاییدا بڕیارەکان تەنها بە دەستی عێراقییەکان خۆیانە. هەروەها ئەگەر ئەمریکا بینیی کە عێراقییەکان لەنێوان خۆیاندا رێککەوتون و قەوارەیەك یان کەسێکیان هەڵبژاردووە، ئەوە هەرگیز باوەڕناکەم لەو بارەیەوە هیچ کێشەیەکیان هەبێ.

*** تاچەند دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دوادەخات، ئایا تاچەند مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر باری سەقامگیری عێراق هەیە؟**

- پێموایە کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا زۆر گرنگ دەبێت لە پاراستنی باری سەقامگیری و ئاسایشی عێراق. بەتایبەتی کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق و وێرای سەرکەوتنە بەرچاوەکانیان، بە هاوکاری و یارمەتیی هێزەکانی ئەمریکا بووە، تەنانەت گەر ئەو هاوکارییانە دیاران یان نادیار. هەربۆیە، بەڕای من مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ ماوەیەکی زیاتر سوودێکی زۆری دەبێت بۆ باری سەقامگیری و ئاسایشی عێراق و هەروەها سوودبەخش دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەبەستێکی دەرەکی. ئەمڕۆ عێراق هێشتا لەژێر بەندی حەوتەمە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندبوونی یاسایی و ئەخلاقیی لە هەمبەر پاراستنی ئاسایشی عێراقدا هەیە. هەروەها لەبەرئەوەی عێراق هێشتا لەژێر بەندەکانی رێککەوتنی ئەمنییە، ئەوە تاکو پێکهێنانی حکوومەتیش مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یاساییە لە عێراق، لەهەمان کاتیشدا بوونی هێزەکانی ئەمریکا بەسوودە و کاریگەریی پۆزەتیڤانەی هەیە لەبارەی پاراستنی رەوشی ئاسایش لە عێراق.

*** هەر لەمەسەلەی دەستێوەردانی دەرەکیدا هەندێك چاودێری دیکە مەزندەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتانی دراوسێی عێراقیش دەست لەپرۆسەکە وەربدەن، وەك دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستانی سعودیە، ئایا تاچەند دەستێوەردانی دەرەکی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخاتە مەترسیەوە؟**

- با بەشێوەیەکی تر بیری لێ بکەینەوە، گریمان ئێمە هاووڵاتیی سعودین نەك

هەرچەند پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت زیاتر دوابکەوێ ئەوەندە زیاتر رەوشی ئاسایش خراپتر دەبێت

سەرۆک ئۆباما خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لا گرنگە و بەپێویستی دەزانێ بە زووترین کات هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێبکات

عێراقی، وەك هاوڵاتییەكی سعودی یان وەكو حكومەتی عەرەبستانی سعودییە، ئەركی ئێمەیە باشترین هەوڵبدەین لەپێناو جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە حكومەتی داهاتووی عێراق حكومەتێكی دۆست بێت و هەڵوێستی دۆستانە و نیازی باشی بۆ عەرەبستانی سعودیە هەبێت. بەهەمان پێوەر، گریمان ئێمە هاوڵاتی ئێرانین، هەمان شتە و پێویستە بیر لەوە بكەینەوە كە پێویستە باشترین هەوڵبدەین و كاربكەین لەپێناو پێكهێنانی حكومەتێكی دۆست لە عێراق كە بەرەو ئاراستەی ئێران هەڵوێستی دۆستانەی هەبێ و دەستی هاوڕێیەتیی بۆ درێژبكات. هەر بۆیە، ئەگەر هەر وڵاتێكی دراوسێی عێراق، بەپێویستی زانی دەستێوەردانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق بكات بۆ مەبەستەكانی پێكهێنانی حكومەتێك كە لەگەڵیان دۆست بێت، ئەوە من پێموایە كە ئەو شتە ئەركێكە لەسەر شانیان و پێویستە كاری بۆ بكەن. بەڵام ئێمە وەكو سیاسەتمەدارەكانی عێراق، ئەركی خۆمانە و پێویستە كاربكەین لەپێناوی دۆزینەوەی باشترین حكومەت بۆ عێراق، بەڵام بە مەرجێك، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت كە ئەو حكومەتە توانای هەبێ لە بەستنی پێوەندیی باش لەگەڵ ئێران و عەرەبستانی سعودیە و توركیا و هەموو وڵاتە دراوسێكانی تر. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ عێراق لە بارێكی گونجاو نییە كە پێوەندیی گرژی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا هەبێ، یان دوژمنایەتی و ناكۆكی یان پێوەندیی نێگەتیڤانەی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا هەبێت. پێویستە عێراق كاربكات بۆ دروستكردنی پردەكانی پێوەندیی باش لەگەڵ هەموو وڵاتەكانی دراوسێ، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ عێراق پێویستیی بە هاوكاریی هەموو وڵاتانی دراوسێیە، بەڵام پێویستە ئەو هاوكارییە لە چوارچێوەی ڕێزگرتن بێت بۆ كاروبارە ناوخۆییەكانی عێراق، لەگەڵ نواندنی ڕێز بۆ فەرمانڕەوایی عێراق و مامەڵەكردن بەشێوەیەكی یەكسانی و بەشێوازی مامەڵەی هاوتا بەرامبەر بە هاوتاكەی، نەك لەسەر بنەمای مامەڵەكردنی ئاغا و كۆیلە.

*** مەسەلەیەكی دیكەی گرنگ لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا مەسەلەی بەشداری كورد و لەبەر چاوگرتنی خواست و داواكارییەكانی كوردە لەو پرۆسەیەدا و لەبەر چاوگرتنی ئەو خواستانەیە لەلایەن لایەنە سیاسییەكانی دیكەی عێراقەوە بە تایبەتیش مەسەلەی جێبەجێكردنی دەستوور پابەند بوون بە دەستورەوە، ئایا عێراقیەكان لەم چوارچێوەیەدا تاچەند داوایەكانی كورد لە بەرچاو دەگرن؟**

- هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە و لە پاش ڕووخانی سەددام-یشەوە كوردەكان فاكتەرێكی پۆزەتیڤانە بوونە، فاكتەرێكی پۆزەتیڤانە لە پاڵپشتیكردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەساڵانی ٩٠ەكان، لەگەڵ هاوكاریكردنی زۆربەی سەركردەكانی ئەمڕۆی عێراق. من خودی خۆم پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە وەزارەتی بەرگری و زۆربەی دامودەزگاكانی حكومەتی عێراقیدا كارمكردووە، پاش ساڵی ٢٠٠٣ بینیمان كوردەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە حكومەتی عێراقی و لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەتدا بەشدارییان كردووە. كوردەكان هەمیشە خەڵكانێكی دۆست و هاوڕێ و هاوكار و باشن، كورد ئەو نەتەوەیەیە كە توانای گوێگرتنی هەیە و لە لۆژیك تێدەگات و لەمیانی وتووێژەكانیاندا بەشێوەیەكی ئاقڵانە مامەڵەدەكەن. بوونی كوردەكان لە حكومەتی عێراقی فاكتەرێكی زۆر گرنگە، من خودی خۆم بۆ ماوەیەك لەگەڵ د. بەرهەم كارمكردووە، لەگەڵ زۆربەی سەركردە كوردەكانی تر كە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و لە حكومەتی ناوەندی عێراقی خزمەتیانكردووە. كوردەكان فاكتەرێكی پۆزەتیڤانە بوون، سوودێكی گەورەیان بە عێراق بەخشی، لەهەمان كاتیشدا ئەوان هاوڵاتیی عێراقین، بەڵام ئێمە تاكو ئەمڕۆش لە پرۆسەی سیاسی دواكەوتووینە و هەمیشە ناكۆكی و ململانێ لەنێوانماندا هەیە. ئێمەی عێراقی هێشتا لە هونەری سیاسەتدا بەتەواوەتی ڕانەهاتووینە و تاكو ئەمڕۆش هزرێكی هەڵە لەنێومان باوە، بۆ نموونە: بۆئەوەی خۆم وەكو كەسێكی ئاكتیڤ دەربچوێنم و بیسەلمێنم كە كەسێكی كارا و باشم، پێویستە ڕەخنە لە كەسانی تر بگرم بۆئەوەی بڵێم كە من باشم و ئەوان خراپن، ئەوەش لەخۆیدا ڕێگاچارەیەكی درووست نییە لە كاری سیاسی، بەتایبەتی لەم قۆناغەی كە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت. بەڵام بەڕای من، كوردەكان پێشتریش و ئێستاش و هەمیشە فاكتەرێكی پۆزەتیڤن و پێگەیەكی سەرەكین لە بنەماكانی كاری پرۆسەی سیاسی لە عێراق.

*** هەندێك لە چاودێرانی باردۆخەكە باس لە پێكهێنانی حكومەتی بنكە فراوانی نیشتمانی دەكەن و پێیان وایە بۆ ئەم قۆناخە گرنگە هەموو پێكهاتە سەرەكیەكانی عێراق لە پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتدا بەشداری بكەن، ئەگەر لایەنێك بەشداری نەكرد، ئایا ناكرێت ئەو لایەنە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێكی ئەكتیف بگێڕێت؟**

- ئەو شتە پەیوەستە بە قەبارەی ئەو لایەنە، ئەگەر هات ء پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت پەیوەستدار بوو بە ژمارەی كورسییەكانی لە پەرلەمان، بۆ نموونە: گریمان دانرابوو ژمارەی كورسییەكان ٢٣٠ یان ٢٤٠ كورسی بێت، لەو حاڵەتەدا، زۆر زەحمەتە قەوارەیەك بە ٤٠ یان بە ٥٠ كورسی بتوانێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێكی كارا بگێڕێت. ئەمڕۆ هەموو ئاراستەكان، تەنانەت ئاراستەكانی بەڕێز (سستانی) ش لەگەڵ پێشنیار و ڕاسپاردەكانی، هەموو ئاراستەكان باس لە پێكهێنانی حكومەتێكی هاوبەشی بنكە فراوانی نشتیمانی دەكەن كە هەموو لایەنەكاندا بەشداریی تیابكەن. لەهەمان كاتیشدا، تەنانەت ئەگەر حكومەتی داهاتوو حكومەتێكی بنكە فراوانی نشتیمانیش بوو، ئەوە پێویستە لەسەر پەرلەمانی داهاتوو ڕۆڵی چاودێریی ئاكتیڤ بكات، هەڵبەتە ئەم كارە كارێكی ئاسان نییە و كار و ماندوبوونی زۆری دەوێ، لەبەرئەوەی زۆر زەحمەتە ئەمڕۆ ببینین پەرلەمانێك ڕەخنە لە حكومەتێكی بنكە فراوانی نشتیمانی بگرێ و ڕۆڵی چاودێر لەسەر ئەو حكومەتەدا بگێڕێ، بەڵام وێڕای هەموو شتێك ئەمەیە پێویستەكانی قۆناغی ئەمڕۆی پرۆسەی سیاسیی لە

**پێویستە كاربكەین لەپێناوی دۆزینەوەی باشترین حكومەت بۆ عێراق، بەڵام بە مەرجێك، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت كە ئەو حكوومەتە توانای هەبێ لە بەستنی پێوەندیی باش لەگەڵ ئێران و عەرەبستانی سعودیە و توركیا و هەموو وڵاتە دراوسێكانی تر**

**هەموو ئاراستەكان باس لە پێكهێنانی حكوومەتێكی هاوبەشی بنكە فراوانی نشتیمانی دەكەن كە هەموو لایەنەكاندا بەشداریی تیابكەن**

عێراق. پەنا بە خودا دوای ٢ یان ٣ خولی هەڵبژاردنی تر لە داهاتوو و پاش دەرکەوتنی سیماکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، دەکرێ پەرلەمانێکی چاودێر هەبێت، هەروەها ئەگەرێکی بەهێز هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کارا کە لەژێر چاودێریی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆنێکی ئاکتیڤدا کاربکات، بەڵام بۆ حاڵی حازر، دینامیکییەتی پرۆسەی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق ڕێگا بە ڕوودانی ئەو شتەدا نادات. بەڵام پێویستە ئەو شتەش لەیاد نەکەین کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، ئەگەر تەماشایەکی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا بکەین، دەبینین زۆربەی قەوارە سیاسییە بچووکەکان لەو هەڵبژاردنەدا براوە بوون و قەوارە ئیسلامییەکەش کە هاوپەیمانی ئیئتیلافی نشتیمانی یەکگرتوو بوو زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێنا. لەکاتێکدا لە دوایین هەڵبژاردندا، دەبینین لستی کرانەوە و سێکیۆلاریزم زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمڕۆ عێراقییەکان بەرەو ئاراستەی کرانەوەی زیاتر و سێکیۆلاریزمدا دەڕۆن و روو لەو قەوارە و لایەنانە دەکەن کە سێکیۆلاریزمن و خاوەن پێگەیەکی سیاسین، نەك ئەو پارتە سیاسییانەی کە لەسەر بنەمای ئایین کاردەکەن، منیش پێموایە کە ئەو ئاراستەیە زۆر دروست و تەواوە لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق.

*** دوا پرسیار، بەڕای تۆ ئایا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەم هاوینەدا تەواو دەبێت؟**

- لەڕاستیدا عێراق هەمیشە بەو خەسڵەتە بەناوبانگە کە زۆربەی رووداوە سەرەکییەکانی لە وەرزی هاویندا روودەدەن. بەرزبوونی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوێن هانی هاووڵاتییە عێراقییەکان دەدات کاری مەزن ئەنجامبدەن. بەڵام ئەوە هیوایەکە کە پەنا بە خودا لەم هاوینەدا و پێش کۆتایی مانگی (ئاب) عێراقییەکان ببن بە خاوەن حکومەتێکی نوێ کە لەرووی دەستوورییەوە هەڵبژێردرابێت.



ئەمڕۆ عێراقییەکان بەرەو ئاراستەی کرانەوەی زیاتر و سێکیۆلاریزمدا دەڕۆن و روو لەو قەوارە و لایەنانە دەکەن کە سێکیۆلاریزمن و خاوەن پێگەیەکی سیاسین

زۆربەی رووداوە سەرەکییەکانی لە وەرزی هاویندا روودەدەن

ستیڤن ڤان ئیڤارا:

# من هەموو کات ئومێدی ئەوەم خواستووە ئەمەریکا رێگە چارەیەکی باش بۆ عێراق دابنێت و سنووری هەرێمەکان دیاری بکات

**ستیڤن ڤان ئیڤارا شرۆڤەوان و پسپۆر لە ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکاو سیاسەتی ئەمەریکا، یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای ماسیۆشێتد بۆ دیراساتی ئاسایش، هەروەها پسپۆرە لەسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداویش، سەبارەت بە باری ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت و رۆڵی ئیدارەی ئەمەریکا لەم پرۆسەیەدا پرۆفیسۆر ئیڤارا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ئەگەر بێت و سەرکردەکانی هەموو قەوارە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بتوانن رێکبکەون لەسەر هاوبەشبوون لە دەسەڵات و سامانەکانی عێراق، ئەوە عێراق ئایندەیەکی گەشی دەبێت**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا هەتا لە عێراق نامێنێت، رۆژێک دێ ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێبکات و عێراق جێبهێڵێت**

*** ئێوە وەك پسپۆر لەسەر باری سیاسی عێراق، ئایا ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پیایدا تێدەپەڕێت و هەوڵەکان بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟**

- بەڕای من عێراق لە خاڵێکی وەرچەرخانە، وەرچەرخانێکی زۆر مەترسیدار. ئەگەر بێت و سەرکردەکانی هەموو قەوارە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بتوانن رێکبکەون لەسەر هاوبەشبوون لە دەسەڵات و سامانەکانی عێراق، ئەوە عێراق ئایندەیەکی گەشی دەبێت. هەر بۆیە پێویستە لەنێوان خۆیاندا رێك بکەون لەسەر هاوبەشبوون، هەروەها رێگانەدەن بە هیچ گرووپێك کە دەسەڵاتەکانی لەسەر گرووپێکی تردا بسەپێنێت. پێویستە هەموو گرووپەکان جۆرە سەربەخۆییەکیان هەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان. هەر بۆیە سەرکردەکانی عێراق: سەرکردەکانی کۆمەڵگەی کوردی و سەرکردەکانی کۆمەڵگەی شیعە و سەرکردەکانی کۆمەڵگەی سوننە، پێویستە هەموویان قبووڵ بکەن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سامانەکانی عێراق، دابەشکردنێکی یەکسانی. هەروەها پێویستە ئەو راستییەش قبووڵ بکەن کە هەر گرووپێك سەربەخۆ دەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمەکەی. ئەگەر هات و هەر گرووپێك لە ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی زیاتری ویست یان وەرگرت، هەروەها ئەگەر هات و هەستا بە گەمەکردن بە دەسەڵات و



ماف و سامانەکان و فەرامۆشکردنی ماف و دەسەڵات و سامانەکانی گرووپەکانی تری عێراق، پێموایە کە لەو حاڵەتەدا شەڕێکی ناوخۆیی گەورە لە عێراق بەرپا دەبێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا هەتا لە عێراق نامێنێت، رۆژێك دێ ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێبکات و عێراق جێبهێڵێت، ئەو کات عێراق دەمێنێتەوەو پشت بە ئامێرو دەزگاکانی خۆی دەبەستێت کە لەماوەی ٧ ساڵی رابردوودا دایمەزراندون. هەر بۆیە باشترین رێگاچارە بۆ عێراق ئەوەیە کە هەموو عێراقییەك لەسەر بنەمای دابەشکردنێکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ دەسەڵات و ماف و سامانەکان، دابەشکردنێکی عادیلانە و بە یەکسانی لەنێوان هەموو پێکهاتەکان. زۆر پێم ناخۆشە کە دەبینم تاکو ئەمڕۆش ناکۆکی و جیاوازی بیروبۆچوون هەیە لەنێوان هەندێ لە پێکهاتەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەو ناکۆکییانەی کە ئەمڕۆ لەنێو پێکهاتەی شیعەکاندا بوونی هەیە، پێویستە ئەو دیاردەیە بوەستێ و نەمێنێ. هەروەها ئومێدەوارم کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگەنە ئەو راستییەی کە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە باشترین رێگاچارەیە و زۆر باشترە لە زاڵ بوون لەسەر یەکتری و سەپاندنی دەسەڵات.

*** تاچەند دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دوادەخات، ئایا تاچەند مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کاریگەری لەسەر باری سەقامگیری عێراق هەیە؟**

- بەڕای من بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق مایەی هێمن کردنەوەی کەشوهەواکەیە، هەروەها مایەی قایلکردنی لایەنە بەدکارەکانی عێراقە بە رێگرتن لە نیازە بەدکارەکانیان لە سەپاندنی دەسەڵاتیان لەسەر پێکهاتەکانی عێراق و ئەنجامدانی هەرکارێکی ناشیاو. بەڕای من بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە و تاکو ئەمڕۆش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵەی کردووەو ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی هەڵەکەی، لەبەرئەوەی بەردەوام فشاری خستۆتە سەر لایەن و پێکهاتە و هێزە سیاسییەکانی عێراق بۆ گەیشتن بە زۆرەملێ بۆ رێککەوتن و دابەشکردنی



دەسەڵات و سامانەکانی عێراق. نە ئیدارەی بۆش و نە ئیدارەی ئۆباما بیریان کردەوە لە دانانی پلانێکی ئاشتییانە لەبارەی دابەشکردنێکی ئاشتییانە بۆ دەسەڵات و ماف و سامانەکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق. هەمیشە هیوام دەخواست ئیدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەستانایە بە دانانی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ڕێگاچارە و دۆزینەوەی شێوازێك کە ڕەوا و عادیلانە بێت بۆ عێراق. خۆزگە حکومەتی داهاتووی ئەمەریکا هەستایە بە دانانی پلان و ڕاگەیاندنی چەند پێشنیارێك لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمەکان و لەگەڵ چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەداهاتووی نشتیمانی و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لەنێو سوپاو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی ئەو دەسەڵاتانە، چۆنیەتی دابەشکردنی نەوت و داهاتەکانی، هەروەها چۆنیەتی پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، جگە لە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی سەربەخۆیی هەرێمەکان لە عێراق. پێموایە کە هەردووك لە ئیدارەکانی بۆش و ئۆباما هەڵەیان کردووە کە نەیان وتووە: «ئەمەیە پێشنیارەکانمان کە بە ڕەوای دەزانین، دەست خۆشی لەو لایەنانە دەکەین کە دەگەنە ڕێککەوتن و ئەو لایەنانەش سزادەدەین کە سەرپێچی دەکەن». سەرەڕای هەموو هەڵەکانی حکومەتی ئەمەریکی، پێموایە کە هەبوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق تاکو ئەمڕۆ لایەنی پۆزەتیڤانەی هەبووە لە باری سەقامگیری عێراق، هەروەها پێویستە لەسەر عێراقییەکان بیر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەن و قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکان، من پێموایە کە لەدوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا شەڕی ناوخۆیی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق ڕوودەدات. هەروەها من لەگەڵ ئەو پێشنیارەتان هاوڕام کە دەڵێن دواکەوتن لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێ بە مایەی دواکەوتنی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام باوەڕناکەم پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی عێراقی لەوە زیاتر دوابکەوێت. بەڕای من پێویستە عێراقییەکان بگەنە ئەو ڕاستییەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاشەکشە ناکات، بەڵکو بە هێمنی کاریگەری و دەسەڵات و هێزەکانی لە عێراق کەم دەکاتەوە تا ئەو کاتەی کە عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتنێکی سیاسی. لەبەرئەوەی ئەگەر وانەکەن ئەوە شەڕێکی ناوخۆیی تر ڕوودەدات، بەڵام کێ شەڕی ناوخۆیی دەوێ؟ بەڕای من تاکە ڕێگاچارە بۆ نەهێشتنی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی گەیشتنە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵات و ماف و سامانەکانی عێراق بەشێوەیەکی عادیلانە و یەکسانی لە نێوان پێکهاتەکان.

*** ئایا تاچەند ئەمەریکا خۆی تێکەڵی ئەم پرۆسەیە دەکات؟**

- تێکەڵبوونی ئەمەریکا بەو ئاستە نابێت کە بیری لێ دەکەینەوە، بەڵکو زیاتر وەکو دەستپێشخەرییەك دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق. هەروها لەو بڕوایەدانیم کە ئەمەریکا فشار و هێز بەکاربێنێ یان لایەنەکان بە زۆرەملێ بگەیەنێت بە ڕێککەوتنێك، بەڕای من زۆرەملێ و بەکارهێنانی فشار و هێز هەڵەیە. من پێموایە کە ئەمەریکا عێراق زۆر باش دەناسێت لەبارەی چۆنیەتی گەیشتنی عێراقییەکان بە ڕێککەوتنێکی سیاسی، بەڕای من پێویستە لەسەر ئەمەریکا ڕێگاچارەیەکی ڕەواو عادیلانە بدۆزێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە هانی عێراقییەکان بدات، بەڵام لەو بڕوایەدانیم ئۆباما ئەو کارە بکات یان دەستێوەردانی پرۆسەی سیاسی عێراق بکات، ناکرێ عێراقییەکان چاوەڕوانی ئەمەریکا بن بۆئەوەی ئەو کارە بکەن، لەهەمان کاتیشدا پێویستە عێراقییەکان خوازیاری ئەوبن کە ئەمەریکا ئەو کارەبکات. ئەگەر من سیاسەتمەدارێکی عێراقی بوومایە بە ئەمەریکام دەوت: «وەرن ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بدۆزنەوە، پلانەکەی ئۆباما لە عێراق پەیڕەو بکەن، چەك و هێزەکانی لایەنە سیاسییەکانمان کپ بکەن و هانمان بدەن بۆئەوەی بتوانین بگەین بە ڕێککەوتنێك، ئەگەر لەشوێنی ئێوە بوومایەم ئەو شتانەم بە ئۆباما دەگووت، هاوشێوە لەگەڵ ئەو شتەی کە لەنێوان ئیسرائیل و فەڵەستینیەکاندا ڕوویداوە، لەو حاڵەتەدا لەوە دڵنیام کە ئۆباما بە پلانێکی ئاشتییانە دێت و ڕێگاچارەیەکی دروست دەدۆزێتەوە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵەی کردووەو ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی هەڵەکەی**

**نە ئیدارەی بۆش و نە ئیدارەی ئۆباما بیریان کردەوە لە دانانی پلانێکی ئاشتییانە لەبارەی دابەشکردنێکی ئاشتییانە بۆ دەسەڵات و ماف و سامانەکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق**

**وەین وایت بۆ گوڵان:**

# گرفتی سەرەکی ئەوەیە کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق مالیکی نایەوێت ئەو پۆستە بەجێبهێڵێت

**شـرۆڤەوان و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆفیسۆر وەین وایت، تۆژەر لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاسـەتی ڕۆژهەڵات و هەروەها ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، بۆ قسەکردن سەبارەت بەکێشەی عێراق و مەترسییەکانی ئەم قۆناخە هەستیارە پرۆفیسۆر وایت بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

**هێزی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبووە**

**سەرۆک وەزیرانی پێشوو (د.عەلاوی) هیچ دەرفەتێکی نییە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران**

**• زۆر لە چاودێران بۆ بارودۆخی ئێستای پێیان وایە ئەمەریکا دێتە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و گوشار بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی تەوافوقێك لەنێوان عێراقییەکاندا دروست بکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەمەریکا خۆی تێکەڵی ئەم پرۆسیە دەکات؟**

- بەداخەوە، ئەمە ساڵی ٢٠٠٤ نییە، هەروەها ساڵی ٢٠٠٥یش نییە. پێموایە کە ئەمڕۆ هێزی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبووە. هەروەها لەوە دڵنیام کە ئەمەریکا هەوڵدەدات بۆ ڕێگرتن لە ناکۆکییەکان، وەکو دوورخستنەوەی لیستی (عێراقییە) لە حکومەت، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو توانایەی نابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە یان بتوانێ بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەردا هەبێت. هەر بۆیە، من پێموایە کە دوا بڕیار لەم مەسەلەیەدا تەنیا لە دەستی پێکهاتە سەرەکییەکاندایە، هاوپەیمانی کوردەکان و لیستی عێراقییە و ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی و لیستی دەوڵەتی یاسا.

**• ئەی ئەگەر ئەیاد عەلاوی دووربخرێتەوە و چانسی نەدرێت ئایا تاچەند پرۆسەی سیاسیی ڕووبەڕووی تەحەددی دەبێتەوە؟**

- بەڕای من سەرۆك وەزیرانی پێشوو (د.عەلاوی) هیچ دەرفەتێکی نییە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، هەروەها لەوەش دڵنیام کە بەخۆشی ئەو ڕاستییە دەزانێت. هەربۆیە، من لەو بڕوایەدام کە (د.عەلاوی) لە داهاتووهەوڵدەدات لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تری عێراق ئاڵوگۆڕ بەو خاڵەبکات و گوزارشت لە خواستی دەکات لەبارەی وەرنەگرتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی



وەزیران بەرامبەر بە پۆستی زیاتر و بەهێز بۆ لستەکەی لیستی (عێراقییە). یەکێك لەو سوودانەی کە لیستی عێراقییە هەیەتی و لەهەمان کاتدا بۆ کوردەکانیش سوودبەخشە، ڕاگەیاندنەکەی بەڕێز (سستانی)یە، کە (سستانی) کاریگەریی لەسەر (مالکی) و (دەوڵەتی یاسا) و (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی)ش هەیە، کە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا دووجار ڕایگەیاند لەسەر پێویستیی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش لە عێراق بەبێ دووخستنەوەی هیچ لایەنێکی سەرەکی.

**• تاچەند دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دوادەخات،ئایا تاچەند مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر باری سەقامگیری عێراق هەیە؟**

- من لەو بڕوایەدانیم کە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دوابکەوێت. لەڕاستیدا، حکومەتی ئەمەریکا بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە، بەتایبەتی لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا دووبارەی کردەوە و بەڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە حکوومەتی ئەمریکا بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی خشتەی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق ئەم ڕاگەیاندنەش لە لایەنی (جۆ بایدن)ی جێگری سەرۆك ڕاگەیەندرا. من پێموایە کە حکوومەتی ئەمریکا ئەو ڕاگەیاندنەی بەڕاستییە، لەهەمان کاتیشدا لەو بڕوایەدانیم کە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بتوانێت هیچ جیاوازییەك ئەنجامبدات لەڕووی بارودۆخەکانی ئەمڕۆی عێراق.

**• هەر لەم پرۆسەیەدا مەترسی دەستێوەردانی دەرەکیش دێتە ئاراوە، ئایا تاچەند دەستێوەردانی دەرەکی جێگەی مەترسیە؟**

- بەڕای من ئەم هەڕەشەیە لە دەستێوەردانەکەی ئەمریکا زۆر گەورەترە. هەڵبەتە دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا دەستێوەردانی پۆزەتیڤانەیە، لەبەرئەوەی حکومەتی ئەمەریکا بارێکی سەقامگیر و ئارامی بۆ عێراق دەوێت لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێك بە بەشداریکردنی هەموو پارت و لایەن و هێزە سیاسییەکان و کە هەموو لایەنێك نوێنەرایەتییەکی یەکسان و ڕەوا و بەرچاو و کاریگەری هەبێ لە حکوومەتی ئایندە، لەگەڵ نەهێشتنی ناکۆکییەکان لەنێوان ئەو هێزانەدا. بەڵام گەورەترین هەڕەشە لەسەر عێراق دەستێوەردانی ئێران-ە، لەبەرئەوەی ئێران دەستێوەردانێکی ڕووخێنەری هەیە و هەمیشە لە هەوڵدانە بۆ دورووستکردنی هێزێکی شیعە

له عێراق، ئەوەش مانای دوورخستنەوەی هاوپەیمانی (عێراقییە) دەگەیەنێت، هەر بۆیە دەستێوەردانی ئێران گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر پڕۆسەی سیاسی لە عێراق. بەڵام سەبارەت بە دەستێوەردانی (عەرەبستانی سعودیە) ئەوە بە قەد دەستێوەردانەکەی ئێران رووخێنەر نییە، لەبەرئەوەی (سعودیە) زیاتر لە هەوڵدانە بۆ رێگرتن لە ئەگەرەکانی دوورخستنەوەی هاوپەیمانی (عێراقییە)، کە ئەوەش ئامانجێکی ئاقڵانە و لۆژیکانەیە بۆ هەر لایەنێکی سیاسی لە عێراق. تەنیا کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی دەتوانن ئاکامی کۆتایی دەستنیشان بکەن لەبارەی بارودۆخەکانی باشوور، لەبەرئەوەی تاکە رێگا بۆ وەدەستهێنانی نوێنەرایەتیی پێویست بۆ مەبەستی پێکهێنانی هاوپەمانێتی، بۆ هەردووك لە: هاوپەیمانی (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی) و (دەوڵەتی یاسا)، یان بۆ هاوپەیمانی (عێراقییە)، بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان. هەڵبەتە ئەمە بریارێکی زۆر ئەستەمە، لەبەرئەوەی بێگومان، هەروەکو ئێوەیش دەزانن، هەردووك لە پێکهاتەکانی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە کێشەی گەورەیان هەیە لەسەر کەرکوك و موسڵ، هەروەها جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا هەیە لەبارەی دەسەڵات سەپاندن بەسەر ناوچەکان و کۆنترۆڵکردنیان. هەر بۆیە، هەردووك لە هاوپەیمانی (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی) و (دەوڵەتی یاسا) و هاوپەیمانی (عێراقییە) لەو بارەیەوە کێشەیان هەیە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکان. بەڕای من ئەگەر بێت و کوردەکان کارتەکەیان بەشێوەیەکی درووست بەکاربێنن ئەوە دەبن بە خاوەن پێگەیەکی نایاب، ئەویش لەرێگای رێکخستنی رێککەوتنێکی باش لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، هەروەها بە وردی لە مەسەلەکاندا بڕوانن بۆئەوەی بزانن لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دەتوانن چ رێککەوتنێك ئەنجامی بدەن.

**● مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە پڕۆسەی سیاسی عێراقدا مەسەلەی بەشداری کورد و لەبەر چاوگرتنی خواست و داواکارییەکانی کوردە لەو پڕۆسەیەدا و لەبەرچاوگرتنی ئەو خواستانەیە لەلایەن لایەنە سیاسیەکانی دیکەی عێراقەوە بە تایبەتیش مەسەلەی جێبەجێکردنی دەستوور پابەندبوون بە دەستوورەوە، ئایا عێراقیەکان لەم چوارچێوەیەدا تاچەند داوایەکانی کورد لە بەرچاو دەگرن؟**

- بێگومان لایەنە سیاسییەکانی عێراق داواکارییەکانی کورد رەچاودەکەن. بەڵام سەبارەت بە زانینی ئاستی ئەو رەچاوکردنە، ئەوە پرسیارێکی زۆر گەورەیە و وەڵامەکەی لە مەزەندەی کەسدا نییە. ئەگەر هات و رەچاوکردنی داواکارییەکانی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، ئەوە لەو حاڵەتەدا کەسانێك لە هاوپەیمانی (عێراقییە) و لەنێو پێکهاتەکانی شیعە سەرهەڵدەدەن و پەنجەی تۆمەت بۆ هەر کەسێك درێژ دەکەن کە هەڵوێستی بەخشندەی بۆ کوردەکان هەبێ و رێککەوتن ئەنجام بدەن کە لە بەرژەوەندیی کورد بێت. هەر بەهۆی ئەو شتەشە کە ناتوانم بزانم تا چەند دەبێت، لەبەرئەوەی لەنێوان شیعەکاندا کەسانێك هەنە کە دەیانەوێ (عێراقییە) لە پڕۆسەی سیاسی عێراقدا دووربخەنەوە، هەروەها لە ئەجینداى (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی)دا لەو بارەیەوە تەحەفوزات هەیە. لەنێو هەموو پێکهاتەکانی عەرەبدا ترس و تەحەفوزاتیان هەیە بۆ ئەنجامدانی هەر سازشبوونێك بۆ فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمان، لەهەمان کاتدا فراکسیۆنی کوردیش لە پەرلەمان ترس و تەحەفوزاتی هەیە لە ئەنجامدانی هەر رێککەوتنێك بەبێ وەرگرتنی سازشبوونێکی زۆر لە بەرامبەردا. هەربۆیە، ئەمڕۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان زۆر بە زەحمەتی دەجووڵێنەوە و لە بازنەیەکدا دەخوولێنەوە بۆ دۆزینەوەی هێڵە سوورەکان. هەروەها هەروەکو ئاماژەتان پێکرد، گرفتێکی دیکە هەیە لە مەسەلە گرنگەکان: «کێ دەبێت بە سەرۆك وەزیران؟»، ئەمڕۆ کێشە هەیە لەبارەی بەستنی هاوپەیمانێتی، لەگەڵ مەسەلەی لەبەرچاوکردنی کێشەی کورد، هەروەها رێگر هەیە کە بریتییە لە شەڕ و ناکۆکی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، هۆکاری ئەو شتانەش هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (مالکی) بە نائومێدانە بەردەوامە لە پۆستەکەی و کۆڵنادات و کورسییەکەی جێناهێڵێت.

**● ئایا ناکرێت ئەو لایەنەی بەشداری حکومەت ناکەن رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیف بگێڕێت؟**

- بێگومان خۆی پێویستە وابێت، بەڵام لە فۆرمەکانی حکوومەتە هاوبەشەکاندا، هەر لایەنەکی سیاسی ترسی ئەوەی هەیە کە لەو حکوومەتە بنکە فراوانی نشتیمانییەدا دووربخرێتەوە. بەڵام دوو کێشەی سەرەکی لە گرفتەکانی حکوومەتی هاوبەش بریتن لەوەی کە لە حکوومەتی بنکە فراوانی نشتیمانیدا زۆر شت ئەنجام نادرێت، لەبەرئەوەی حکومەت زیاتر حکومەتێکی رەمزی دەبێت لەوەی کە حکومەتێکی راستەقینە بێت. کێشەی دووەم ئەوەیە کە کێ دەبێت بە سەرۆك وەزیرانی ئەو حکومەتە هاوبەشە. خەڵکی پێشنیاری چەند ئەلتەرناتیڤێکیان کردووە بۆ (مالکی)، وەکو (جەعفەری)، بەڵام لەهەمان کاتیشدا من لەو بڕوایەدانیم کە (جەعفەری) لەلای هەمووان پەسەندبێت، هەروەها (د.عەلاوی) هەیە و پێموایە کە شیعەکان پێی رازی نابن. بۆیە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر باسی چۆنیەتیی گۆڕینی (مالکی)، ئەوەش لە خۆیدا پرسیارێکی زۆر گەورەیە، لەبەرئەوەی (مالکی) نایەوێ بڕوا و بە نائومێدانە بەردەوامە لە شەڕ لەپێناوی مانەوەی لە پۆستەکەی، هەروەها بووە بە رێگرێك تەنانەت لەرێگای ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ حکومەتێکی هاوبەشدا پێکبهێنن.

**● دوا پرسیارمان، وەکو بیروبۆچوونێکی کەسی، ئایا ئایندەی پڕۆسەی سیاسی لە عێراق چۆن دەبینی، هەروەها ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەم هاوینەدا کۆتایی بێت؟**

- من پێموایە کە پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەم هاوینەدا کۆتایی دێت، من لەو بڕوایەدا نیم کە ئەم بارودۆخە بۆ چەندین مانگی تر درێژە بکێشێت و هەر بەم شێوەیەدا بەردەوام بێت. لە رابردوودا کێشەی زۆرمان هەبوو و چارەسەرکردنیان تەنها چەند مانگێکی دەخایاند نەك بە ساڵ، هەروەها من لەو بڕوایەدام کە ئەم پڕۆسەیە لەم هاوینەدا کۆتایی دێت، لەوانەیە پڕۆسەکە لە نزیکی کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کۆتایی بێت. بە واتایەکی تر، وێڕای هەموو کێشەکان، لەوانەیە تا کۆتایی مانگی تەمموز حکومەتی عێراقی پێکبهێنرێت. من لە کێشەکانی عێراق تێدەگەم و دەزانم ئاستەنگەکان چین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دزانم کە ترسێك هەیە لە لایەن هەموو لایەنەکانەوە بەهۆی نەبوونی حکوومەت و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، هەروەها من پێموایە کە هەر ئەو ترسەیە کە زیاد دەکات و لەخۆیدا دەبێت بە فاکتەرێك بۆ هاندانی لایەنە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی.

**(سستانی) کاریگەریی لەسەر (مالکی) و (دەوڵەتی یاسا) و (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی) هەیە**

**دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا دەستێوەردانی پۆزەتیڤانەیە، لەبەرئەوەی حکومەتی ئەمەریکا بارێکی سەقامگیر و ئارامی بۆ عێراق دەوێت لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێك بە بەشداریکردنی هەموو پارت و لایەن و هێزە سیاسییەکان**

عەبدولحەلیم رکابی بۆ گوڵان:

# هیچ لایەنێک نییە بتوانێت لە دەستوور دووربکەوێتەوە

**رۆژنامەنووس عەبدولحەلیم رکابی لە دامەزراوەی رۆشنبیری و راگەیاندی رێکخراوی بەدر سەبارەت بە کێشەکانی ئێستای عێراق ئەرك و بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و پێی وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەنەکان بە لۆژکیانە بیر لە داهاتووی عێراق بکەنەوە، سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

> چاوپێکەوتنی (د.عەلاوی) لەگەڵ بەڕێز (مالکی) چارەسەری بنەڕەت نییە بۆ کێشەی سیاسیی عێراق



**• رەوشی سیاسی ئێستای عێراق هەموو چاوەکان ئاراستەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، تۆ وەك رۆژنامەنووسێك و چاودێرێکی بارودۆخەکە ئەو هەوڵانە چۆن دەبینیت؟**

- پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە رێگایەکی سەختدا دەڕوات و لەو رێگایە سەختەدا پێویست دەکات لەسەر سیاسەتمەدارەکان بەپێی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن و پاداشتی گەلی عێراق بدەنەوە، گەلی عێراقی سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و تەگەرە و تیرۆر و بۆمبەکان و کارەکانی کوشتن توانیی دەنگی خۆی بە ئازادانە بەرزبکاتەوە و لە کەشوهەوایەکی دیموکراسییانەدا نوێنەری خۆی هەڵبژارد. لیستی (ئەلعێراقییە) کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، تەنانەت دوای هەژماردنی دەنگەکان بەدەست، لەسەر داواکاری لیستی (دەوڵەتی یاسا)، ئێستاش لستی (ئەلعێراقییە) هەر لە پێشەوەی لیستەکانی ترە. هەروەها مەترسییەکان تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە لەبارەی پێکنەهێنانی حکومەت و لەو لایەنەی کە حکومەت پێکدەهێنێت، سەرەڕای خراپبوونی باری ئاسایشی عێراق و ئاکامە نێگەتیڤەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسی لەعێراق، لەبەرئەوەی ئێمەوەك عێراق تا ئێستاش لە مادەی حەوتەمی پاکتی نەتەوەیەکگرتوەکانداین، بۆیە دەترسین کە ماف بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بدرێت بۆ دەستێوەردان لە کاروبارەکانی عێراق. بەڵام ئێمە هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازین کە سیاسەتمەدارەکانمان ناکۆکییەکانیان تێپەڕێن و لە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقدا بڕوانن، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە بۆشاییەکی دەستووریدا دەژین، هەروەها لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا هەموو کارە تیرۆریستییەکان هەر لە سیاسەتەوە سەر هەڵدەدەن.

**• وێڕای ئەوەی باس لەوە دەکرێت کە لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی گەیشتوونەتە رێککەوتن، بەڵام چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کۆبوونەوەیەکیش لە نێوان مالکی و عەلاوی بەڕێوەبچێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەبەر هەر هۆیەك بێت تائێستا ئەو کۆبوونەوەیە دواخراوە، ئایا گرنگی ئەو کۆبوونەوەی نێوان عەلاوی مالیکی لەچیدایە؟**

- بەپێی ئەو شتانەی کە لە شەقامی عێراقیدا دەیبینم و بەپێی تێڕوانینی خۆم، پێموایە کە چاوپێکەوتنی (د.عەلاوی) لەگەڵ بەڕێز (مالکی) چارەسەری بنەڕەت نییە بۆ کێشەی سیاسیی عێراق. بۆیە بەڕای من و، دەنگم دەخەمە پاڵ یەکێك لە سیاسەتمەدارەکان کاتێك وتی کە پێکهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمانی نوێ چارەسەری کۆتاییە بۆ کێشەکانی عێراق. لەهەمان کاتیشدا ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە لەنێوان (د.عەلاوی) و (د.مالکی) شتێکی ئاساییە و هیچ زیانێکی تێدانییە، لەبەرئەوەی هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە لەو چاوپێکەوتنەدا هەر لایەنێك بیروبۆچوونی خۆی پێشکەش دەکات و دیالۆگ ئەنجام دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەستراوەکان. بێگومان لایەن هەنە کە نایانەوێ ئەو چاوپێکەوتنە لەنێوان ئەو ٢ سەرکردەیەدا رووبدات، کە هۆکارەکەشی بۆ مەبەست ء بەرژەوەندیی سیاسیدا دەگەڕێتەوە و لەوانەیە ئەو مەبەستانە ئاشکرابن و لەوانەشە شاراوەبن. بەڵام ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەستنی ئەنجومەنی نوێی نوێنەران و هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی کۆمار، کە ئەویش لەخۆیدا رێگا بە کاندیدێکی قەوارە سیاسییەکان دەدات کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی پێ دەبەخشرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ. من

> بەستنی ئەنجومەنی نوێی نوێنەران و هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی کۆمار، خۆی لەخۆیدا رێگا بە کاندیدێکی قەوارە سیاسییەکان دەدات کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی پێ دەبەخشرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ

پێموایە کە ئەمەیان باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگاچارەیە.

**• تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك پێت وایە ئەمجارەش بەڕێز مالکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید دەکرێتەوە؟**

- زۆر شتی شاراوە بوونیان هەیە کە تەنانەت ئێمەیش وەکو ڕۆژنامەنووس ناتوانین بیانگەینێ، سەبارەت بە دانشتنە داخراوەکان کە ئەنجام دەدرێن لەسەر دەستنیشانکردنی بەڕێز (مالکی) یان هەر کەسێکی تر. بەڵام بەم دوواییانەدا دەرکەوت کە تەحەففوزات هەیە لەلایەنی (ڕەوتی سەدر) بەرامبەر بە کاندیدکردنەوەی (د.مالکی). بێگومان ژمارەی کاندیدەکان بۆ ئەو پۆستە زۆرە و لەبارەی کێ دەبێت بە سەرۆك وەزیران، ئەوە شتێکە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆمان ئاشکرا دەبێتەوە.

**• ئەی سەبارەت بە کاندیدکردنەوەی بەڕێز تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار پێت وایە چانسی تاڵەبانی لەهەمووان باشترە بۆ ئەو پۆستە؟**

- لەڕووی تێڕوانینی کەسی خۆمەوە پێموایە کە بەڕێز سەرۆك کۆمار (جەلال تاڵەبانی) گونجاوترین و شیاوترین پیاوە بۆ حاڵی حازر بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. لەبەرئەوەی هێشتا گونجاوترین کەسە و لەنێو کەسایەتییە سیاسییەکاندا خاوەن گەورەترین چانسە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەنێوانی هەردووك لە لستەکانی (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی) و (دەوڵەتی یاسا) لەگەڵ (هاوپەیمانی کوردستانی)، پێموایە کە هەر لایەنێك داخوازی و داواکاریی هەیە سەبارەت بە بارودۆخ و بەرژەوەندییەکانی، لەگەڵ مەرتەبە سیاسییەکەی. بەهەرحاڵ، ئێمە هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازین کە لایەنە سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتی دوورکەونەوە لە بەرژەوەندییە تەسکیء تایبەتەکان، بۆئەوەی بتوانین لەم قەیرانە سیاسییەدا دەرچین کە وەکو ڕەشەبایەك وڵاتەکەی گرتۆتەوە. بەڕای من پێویستە لەسەر پیاوە ژیرەکانی لایەنەکان، من لێرەدا تەنیا مەبەستم لە لایەنەکانی (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی) و (دەوڵەتی یاسا) نییە یان (هاوپەیمانی کوردستانی)، بەڵکو مەبەستم لە هەموو لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن، کە پێکەوە دانیشن و زمانی دیالۆگ بەکاربێنن و وتوێژ و تاوتوێبکەن، سەماحەتی سەیید (عەممار ئەل حەکیم) بانگەشەیەکی کردووە بۆ کۆبوونەوە لەدەوری مێزێك بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بەرنامەی خۆیان بخەنەڕوو، هەموو لایەنێك بەڕاشکاوانە قسەبکات و ڕای دەربڕێ و حکوومەتی هاوبەشی نشتیمانی پێکبهێنن لەسەر بنەمای ڕێز و بنەمای شیاوبوون، هەروەها دوورکەوینەوە، بەشێوەیەکی زۆر، نەك کەم، لە پرەنسیپی (محاصصە - دابەشکردن)ی ناشیاو.

**• هاوکات لەگەڵ ئەو تەنگژانەی لەبەردەم پرۆسە سیاسییەکەدا هەن، هەست ناکەیت کاری توندوتیژی و تەقینەوە تیرۆریستیەکان ڕوو لە زیادبوونە، ئایا ئەگەر ئەو توندوتیژی و کارە تیرۆرستیانە ڕوو لە هەڵکشان بن، داهاتووی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەکوێ دەگات؟**

- هەڵبەتە عێراق بووە بە گۆڕەپانێکی کراوە، لە ڕووی نێودەوڵەتی و بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر، بەهۆی نەبوونی پلانێکی ئاسایشی ورد لەگەڵ گەیاندنی زانیارییە هەواڵگرییەکان بەشێوەیەکی ورد و دروست بۆئەوەی بتوانرێت تیرۆریستان و گومانلێکراوەکان دەستگیر بکرێن یان لەناوببرێن. بەڵام ئەو شتانەی کە بەم دووایییانەدا ڕوویدا لە کوشتنی سەرانی تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە عێراق وەکو هەردووك لە تیرۆریستان (ئەبو عومەری بەغدادی) و (ئەبو ئەیوبی میسری)، من پێموایە کە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی عێراقی، هەروەها من لەو بڕوایەدام کە ئەمڕۆ سەرکردەکانی ئاسایش گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە گرنگترین شت وەدیهێنانی ئامانجەکانە. هەربۆیە، من پێموایە کە قورسترین ئەرك لەسەر شانی سیاسەتمەدارەکانە، لەبەرئەوەی هاوکات لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەك لە ئاستی سیاسیدا، بەرزبوونەوە لە ئاستی ڕەوشی ئاسایشدا ڕوودەدات، لەئاکامیشدا تەنها هاووڵاتی عێراقییە کە باجی هەڵەی سیاسەتمەدارەکان بە خوێن دەدەن. بەڵام جارێ چاوەڕوان دەبین بۆئەوەی بزانین ڕۆژانی داهاتوو لە وتوێژە سیاسییەکاندا چییان لێ دەکەوێتەوە. تاکە چارەسەر ئەوەیە کە ئەنجومەنی نوێنەران ببەسترێت و دانیشن بۆ دەنگدان لەسەر سەرۆك کۆمار و دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکوومەت.

**• هەندێك لە چاودێران و پسپۆڕ لەسەر بارودۆخی عێراق، هۆکاری چارسەرنەکردنی کێشەکانی عێراق دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق نەیتوانیووە سیستمی فیدرالی لە عێراقدا جێبەجێ بکات و هەرێمە فیدرالیەکان دروست بکات، ئایا بەڕێزت تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەی؟**

- بەڕای من، بۆ ئەو شتە هێشتا زووە. لەبەرئەوەی عێراق هێشتا ڕانەهاتووە لەسەر حکومەتە لۆکاڵەکان، ڕانەهاتووە لەسەر هەبوونی ژمارەیەك لە حکومەتی لۆکاڵ و حکومەتێکی ناوەندی. پێویستە لەو بارەیەوە ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی تری عێراق دووربخەینەوە، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ەوە سەربەخۆیە. هەربۆیە، من پێموایە کە بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمەکان لە عێراق تاکو ئێستا بیرۆکەیەکی ساوایە و پێویستیی بە شیکردنەوەیەکی دروستە و پێویستە بە کۆدەنگی بێت بۆئەوەی بتوانێت مافی هەموو لایەك بپارێزێت لەگەڵ دابەشکردنێکی دروست بۆ دەسەڵاتەکانی هەر هەرێمێك و جەخت لەوە بکاتەوە کە هەموو کاروبارەکان بە دەستی حکوومەتی ناوەندی بێت، لەگەڵ داواکاریمان لەبارەی ئەوەی کە ئەو حکومەتە ناوەندییە وەکو حکومەتی ناوەندی پێشوو نەبێت، هەروەها بەشێوەیەکی ڕەوا مافی هەموو پارێزگاکان بدات. بەڵام وەکو بیرۆکەیەکی سەرەتایی، من پێموایە کە بۆ حاڵی حازر هێشتا زووە لە عێراق حکومەتی لۆکاڵ بوونی هەبێت، یان هەرێمەکان درووست بن، هاوشێوە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق.

**• بەڵام جێبەجێکردنی فیدرالیزم واتە جێبەجێکردنی لایەنێکی گرنگی دستووری عێراق، ئایا چۆن دەبێت ئینتقائیانە دستووری جێبەجێ بکرێت؟**

- هیچ حکوومەتێك نییە کە بتوانێت لە دەستوور دووربکەوێتەوە. ئێستا بێ یان دوایی، هەردەبێ لە عێراقی نوێدا یاساکان جێبەجێ بکرێن. دەستوور هەمووانی دەستەبەر کردووە و مافی هەموو لایەکی گەیاندووەتە دەستی. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە قسەکانم لەبارەی ئەزموونە تازەلەدایکبووەکەی دیموکراسییەت لە عێراق، پێویستیشە لەسەرمان لەم ئەزموونە نوێیە لە دیموکراسییەتدا فێر زۆر شت بین، بەڵام زۆر بەداخەوە ئازادی و دیموکراسییەت بوو بە نەفرەت لەسەر گەلی عێراقی لەبەرئەوەی گەلی عێراق لەسەر ئەم دوو چەمکە ڕانەهاتووە، هەروەکو ئاماژەم پێکرد دیموکراسییەت بوو بە نەفرەت. هەروەکو چۆن ژەمەدەرمانێکی (سی سی) بە منداڵ دەدەین، پاشان چارەسەر دەبێ و بەتێپەڕبوونی کات گەورەتر دەبێت و هێز و توانا پەیدا دەکات بۆ بەرگەگرتن لە وەرگرتنی (سی سی)ی دووەم، (سی سی)یەکی تری پێدەدەین و تاد.. ئەمڕۆ ئێمە لە بارێکی گێلەشێواودا دەژین لە عێراق. یاسا ڕێز لە هەمووان دەگرێ و پێویستە لەسەر هەموومان ڕێز بۆ یاسا بنوێنین. لەبەرئەوەی بەبێ یاسا و بەبێ دەستوور، هیچ وڵاتێك لە جیهاندا ناتوانێت کاربکات یان ئەرك و بەرنامە نشتیمانییەکانی بۆ گەل جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆك کۆمار (جەلال تاڵەبانی) گونجاوترین و شیاوترین پیاوە بۆ حاڵی حازر بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار**

**تەحەففوزات هەیە لەلایەنی (ڕەوتی سەدر) بەرامبەر بە کاندیدکردنەوەی (د.مالکی)**

**خاتوو نانسی بێرمیۆ ئوستادی زانستی سیاسەت و سیاسەتی بەراوردکارییە لەزانکۆی ئۆکسفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ قسەکردن سەبارەت لە لاسایکردنەوەی ئەزموونی دیموکراتی وڵاتانی پێشکەوتوو و کۆپیکردنەوەی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، گۆڕینی ڕەفتاری سیاسیی تاك لە کۆمەڵگە پرۆفیسۆر نانسی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



نانسی بێرمیۆ:

# باجی شێواندن و گەمەکردن بە دامەزراوە دیموکراسییەکان زۆر گەورەیە

**• بەڕای تۆ، ئایا تا چەند ڕەچاوەنەکردنی بارودۆخی ناوخۆیی وڵات و لاساییکردنەوەی ئەزموونەکانی وڵاتانی جیهان هەڕەشە لەسەر دیموکراسییەت دروست دەکات؟**

- دیموکراسییەت پێویستە هەمیشە بونیات بنرێت لەسەر بنەمایەکی پتەو و بەهێز و لەناو کولتور و دامەزراوەی لۆکاڵ. هیچ سستەمێکی دیموکراسی لە عەدەمەوە دروست نەبووە. لەوانەیە هێنانی دامەزراوەی دەرەکی زیان بە پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردن بگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر هات و ئەو دامەزراوانە لەگەڵ بارودۆخ و کەشوهەوای ناوخۆییدا نەگونجان. یەککەمین شت کە پێویستە لەسەر دیموکراسی خوازەکان ئەنجامی بدەن ئەوەیە، کە بیربکەنەوە لەسەر چۆنیەتی بەشداری پێکردنی دامەزراوەکان کە پێشوەختە بوونیان هەیە و لەگەڵ دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەکانی بەدیموکراتەزەکردن. هاوکاری و هەماهەنگی هەمیشە نرخەکەی هەرزانترە لە وێران و داڕمان و دوورخستنەوە. پێویستە پرۆسەی بەدیموکراتەزەکردن پرۆژەی خەڵکانێك بێت کە خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیین، ئەو خەڵکانەی کە لە ئایندەدا دەبن بە بەشێك لە رژێمی نوێ. پێویستە هاوڵاتییەکان خۆیان بگونجێنن و خۆیان ئاشنا بکەن لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەلایەن سەرکردەکانی وڵاتانی دیکەوە پەیڕەوکراون. پێویستە خەڵك هۆشیاریی هەبێ و تێبگات و توانای جیاوازیکردنی هەبێ لەنێوانی ئەزموونە باش و ئەزموونە خراپەکان، پاشان پێویستە ئەو ئەزموونە هەڵبژێرن کە لەو بڕوایەدان باشترین هەڵبژاردنە و لەگەڵ باردۆخەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگەکەیاندا دەگونجێ. لەوانەیە لێرەدا بتوانرێ هەندێ سوود لە زانا مێژووناس و سیاسییەکان وەربگیرێ، لەبەرئەوەی ئاگا و زانیارییان هەیە لەبارەی کە چ هەوڵێك ئەنجامدراوە و کامیان سەرکەوتوو بووە و کامیان شکستی بەدەستهێناوە و لە بارودۆخ و ژینگە جیاوازەکاندا. بەڵام لەم بارەیەوە کەس وەکو هاوڵاتیی لۆکاڵی خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیی تێناگات لەبارەی هەڵبژاردنی گونجاوترین و باشترین نموونە بۆ کۆمەڵگەکەیان.

**• لە دەسپێکی بونیاتنانی سستەمی دیموکراسیدا، دەبینین سستەمی فرە حزبی سەرمەڵدەدات، بەڵام بە سستەمێکی حزبی لاواز، ئایا بایەخی سستەمی حزبی بەهێز لەچیدایە؟ هەروەها تاچەند نەبوونی سستەمێکی حزبیی بەهێز دەبێتە مایەی شکستهێنانی پرۆسەی سیاسی؟**

- بونیاتنانی سستەمێکی فرەحزبیی بەهێز پێویستیی بە کاتێکی زۆر و ماوەیەکی درێژ خایەن هەیە. لە زۆربەی حاڵەتە سەرکەوتووەکاندا ئەم پرۆسەیە کەمترین شت نەوەیەکی خایاندووە، بەڵام نەبوونی پارتێکی سیاسیی بەهێز مەرج نییە ببێت بەهۆی شکستخواردنی پرۆسەی دیموکراسی. ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی پێویستیی بە سستەمێکی پارتی بەهێز هەبووایە، ئەو کات ژمارەیەکی کەمتر لە سستەمەکانی دیموکراسی بوونیان لە جیهانی وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەبوو. وێڕای هەبوونی سستەمی پارتی سیاسیی لاواز، ئەگەر بێت و دەستەبژێرێکی بەهێزی ناوخۆیی بگاتە ئەو ڕاستییەی کە بەرژەوەندییەکانی دیموکراسییەت زۆر باڵاترە لە بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆرییەت، ئەو کات پرۆسەی دیموکراسی رزگاری دەبێت. لەلایەنێکی دیکەوە، ئەگەر بێت و دەستەبژێرەکان ڕێگە نەدەن بە خەڵك شکست بە دیموکراسییەت بێنن، بەواتایەکی تر: ئەگەر دەستەبژێرەکان نەهێڵن خەڵك و لایەنگرەکانیان هێرش بکەنە سەر دامەزراوە دیموکراسییەکان، ئەو کات من پێموایەکە پرۆسەی دیموکراسی سەرکەوتوو و رزگاری دەبێت. لەوانەیە دامەزراوی دیموکراسی بەشێوەیەکی تەواو گەشە بەخۆیەوە نەبینێ یان بەتەواوەتی نەمێنێ، بەڵام تەحەمولکردن و بەردەوامبوونیان بۆ خەڵکی دەسەلمێنێت کە ئەلتەرناتیف هەیە بۆ توندوتیژی و دیکتاتۆرییەت.

**دیموکراسییەت پێویستە هەمیشە بونیات بنرێت لەسەر بنەمایەکی پتەو و بەهێز و لەناو کولتور و دامەزراوەی لۆکاڵ**

**پێویستە پرۆسەی بەدیموکراتەزەکردن پرۆژەی خەڵکانێک بێت کە خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیین**

لە سستەمێکی دیموکراسیی نموونەییدا، پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵێکی نوێنەرانە دەگێڕن و خزمەت دەکەن وەکو دەروازەیەك لە بواری کۆمەڵایەتیکردنی سیاسیی دیموکراسی. لە جیهانی ڕاستەقینەدا ئەو ڕۆڵانە ئەنجامدراوە، کەمترین شت بەشێوەیەکی کاتی، لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆری دیکەوە. ڕێکخراوە ئاینییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دیکە دەتوانن ببن بە ئەڵتەرناتیڤێك و جێگەی پارتە سیاسییە بەهێزەکان بگرنەوە لە ئایندەدا. پێویستە ئەو ڕاستییەش لەیاد نەکەین کە پارتی کرێکارانی بەریتانی بەهۆی ڕەفتارەکانی یەکێتی بازرگانی دروست بوو، پارتە دیموکراسییە کرستیانەکان بەهۆی گرووپەکانی کڵێسەکان دروستبوون و گەشەیان سەند، هەروەها پارتە نەتەوەییەکانی ئسپانیا و میرنشینی یەکگرتوو بەهۆی توندوتیژیی هەرێمیدا دروستبوون. پارتی سیاسیی بەهێز لەو جۆرە شوێنانەدا ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. (ANK) و (SWAPO) دوو لە پارتە هەرە بەهێزەکانن لە ئەفریقیای باشووری کە لە بزووتنەوەکانی گەریللا گەشەیان سەند و دروستبوون. ئەم ئەنجامە پۆزەتیڤانە کاتێك دەردەکەون کە دەستەبژێرە سیاسییەکان هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان، یان کاتێك خۆیان بەشێوەیەکی تەواو و بەهەموو شێوازەکان خۆیان تەرخان دەکەن و پابەند دەبن بە پرۆژەی دیموکراسی. لەڕاستیدا، ئەم شتە ڕوویداوە و بۆ دەیان ساڵ و لەگەڵ هەموو جۆرە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکان و لە سەرجەم پارچەکانی جیهاندا، هەر بۆیە ئەمە مایەی گەشبینییە.

**• لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کە لە دەستپێکی بونیاتنانی پرۆسەی دیموکراسین لە قۆناغی گواستنەوەدا دەبن، لە قۆناغی گواستنەوەدا ئاڕاستەیەکی بەهێز هەیە بۆ هەنگاونان بەرەو بونیاتنانی دیموکراسییەت بەڵام کەلتوری دیموکراسی بوونی نییە. ئایا بەڕای تۆ، لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە کەلتوری دیموکراسیی تێدانییە، تا چەند پرۆسەی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێ؟**

- ئەم پرسیارە پرسیارێکی زۆر زەحمەتە و ئەو پرسیارەیە کە بۆ چەندین نەوە شکستی بە سەرکردە دیموکراسییەکان هێنا. بەڵام لایەنە پۆزەتیڤەکە ئەوەیە کە کولتوری سیاسی بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ. خەڵکی دەتوانن بە قۆناغی فێربوونی سیاسیدا تێپەڕن، فێربوون لە هەڵەکانیان. نەوەی نوێ بە بیرۆکە و بەهای نوێ مایەی گۆڕینی نەوەی کۆنەپەرستە. ئەم شتە ڕوویدا، لە هەردووك لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە: چۆن دەتوانرێ سستەمێکی دیموکراسی بپارێزرێت بۆ ماوەیەکی باش تاکو گۆڕانکارییەکان ڕووبدەن؟ ئا لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێو دەستەبژێرەکان دەدۆزرێتەوە کە لە لوتکەی سستەمی سیاسیدان. تەنانەت گەر ئەو دەستەبژێرانە سەرکردایەتیی پارتگەلێکی سیاسی بکەن کە لەڕووی ناوخۆییەوە دیموکراسیش نەبن، هەروەها تەنانەت گەر ببینن بنەمای دیموکراسی نەتەوەیی ڕەخساوە بۆ بنەماکانی ستەمداری و دیکتاتۆرییەت، بەڵام هەمیشە کاردەکەن بۆ پاراستنی دامەزراوە دیموکراسییەکان. گرنگترین شت ئەوەیە قەناعەتیان پێ بهێنرێت ئەوەیە باجی شێواندن و گەمەکردن بە دامەزراوە دیموکراسییەکان زۆر گەورەیە.

**• هەندێ لە پسپۆڕانی ئەمریکای لاتینی پێیان وایە کە پارتە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی و وڵاتانی دوای کۆمیۆنیست سەرکەوتوو نەبوونە لە بونیاتنانی پرۆسەکانی دیموکراسییەت و بارەکە بووە بەهۆی سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکان، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەدژی سستەم و دامەزراوە دیموکراسییەکاندان. ئایا بەڕای تۆ چۆن ڕێگە لە دیاردەی پۆپۆلیزم دەگیرێ؟**

- زاراوەی «پۆپۆلیزم» چەندین واتای جیاواز لەخۆ دەگرێتەوە. هەندێ لە شێوەکانی پۆپۆلیزم لەدژی پرۆسەی دیموکراسیدا نین. ئەوەی ڕاستی بێ دیاردەی پۆپۆلیزم لە دێری زەمانەوە بۆ نەریتێك دەگەڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە دیموکراسییەتەوە هەیە. بەڵام، بەهەرحاڵ، ئەگەر سەرکردە پۆپۆلیستەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دژەدیموکراسی بوون و لەهەمان کاتیشدا جەماوەری بوون، بەشێوەیەکی گشتی، دیاردەی پۆپۆلیزم لەو حاڵەتانەدا سەرهەڵدەدەن کاتێك کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بەوە بکەن کە فەرامۆش کراون و دوورخراونەتەوە لە بابەت و سەرچاوەکانی سستەمە دیموکراسییەکان. باشترین ڕێگە بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی پۆپۆلیزم بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕەفتاری عادیلانە و هەستان بەشێوەیەکی بێ سنوور لە قوربانیدان و بەخشندەیی. هەرچەندە ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام کەمترین شت دەکرێ بەشە سەرەکییەکەی قەیرانەکە لەڕێگای دەستپێشخەرییەکانی پەرەسەندن چارەسەربکرێ.

**• ئایا تا چەند پۆپۆلیستەکان دەبن بەهۆی درووستبوونی گرفت و ئاژاوە لەناو کۆمەڵگە؟**

- پێوەندی لەنێوانی پۆپۆلیزم و ئاژاوە شتێکی حەتمی نییە. بەڵام مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بە ڕۆڵی دامودەزگا و دامەزراوەکانی وڵات. ئەگەر بێت و سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی دژەدیموکراسی هێزەکانی لەگەڵ سووپا تێکەڵ بکات، ئەو کات سستەمی سیاسی نەفرەتی لەسەر دەبارێ، ئەمە ئەو شتە بوو کە لە پارتی «نازییەت» بینیمان لە ئەڵمانیا. لەکاتێکدا ئەگەر هات و سەرکردەی پۆپۆلیست بەپێی پێویست هێزێکی چەکداریی نەبوو، یاخود هێزەکانی پۆلیسی نیشتیمانی و سووپا توانایان هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا چەکدارەکانی سەرکردە پۆپۆلیستەکە، ئەو کات لەوە دڵنیام کە سستەمی دیموکراسی لە هەڕەشەکان ڕزگاری دەبێت. خۆشبەختانە، هەندێك، ئەگەر زۆربەی نەبێ، لە سەرکردە پۆپۆلیستەکان شکستیان بەدەست هێنا پێکهێنانی میلیشای چەکداریی جەماوەریی لە هاووڵاتییان. هەمان ئەو فاکتەرانەی کە دەبن بەمایەی گومان لەسەریان لەلایەن پارتە سیاسییە ئاساییەکانەوە، هەمان ئەو فاکتەرانەن کە گومانیان لەسەر دروستدەکات لە لایەنی ڕێکخراوە چەکدارەکان. ڕێگاچارەی سەرەکی بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئاژاوە و گێلەشێواوی بریتییە لە زامنکردنی دڵسۆزی و لێهاتوویی هێزەکانی پۆلیس و سوپا.

بەرژەوەندییەکانی دیموکراسییەت زۆر باڵاترە لە بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆرییەت

کولتوری سیاسی بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ

## خوێندنەوەیەک بۆ ستراتیژییەتی نوێی نیشتمانیی ئەمەریکا:

# ئۆباما پێناسەی نوێ بۆ ستراتیژییەتی نیشتمانیی ئەمەریکا دادەڕێژێتەوە، بەڵام "تێنەگەیشتنێکی" لەسەر بەجێدێڵێت...



د.شێرزادنەجار *

سەرکەوتنی گەلە ئازادبووەکان و بازاڕی ئازاد و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم ساتانەدا بوونە هۆی کاراترو خێراترکردنی جیهانگیری بە ئاستێک کە پێشینەی نەبووە

پرۆ فیسۆر شارلس کۆپچان (Charles A. Kupchan)لە کتێبێکی پڕ بایەخیدا بە ناوی (the End of the American Era)کە لە ساڵی ٢٠٠٣بەچاپی گەیاندووە،ئەمەریکای سەردەمی جۆرج بۆشی کوڕ بە ڕۆمای نوێ (new rome) دەناسێنێ، بەمانای هاتنەوەی چاخیی لە مێژینەی

کەپیتالیزمی ئیمپراتۆرییەتی کۆنی رۆمانیی،هەروەها جەنگی عێراق ٢٠٠٣و دەرئەنجامەکانی بە سەرەتای سەدەی سەنتەرالیزمی ئەمریکایی ناو دێنێ AMERICAN CENTURY..

کۆپچان ((charles A. Kupchan لەو بارەیەوە لەسێ ڕێبازی بنەڕەتیدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای سەردەمی بۆش بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

*چەندە ئەمەریکا بەهێز بێت و ئامادەی سازشکاری نەبێ، هێندە وڵاتانی دیکە ئامادەن هاریکاری بکەن.

*گریمانەی ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ئەمەریکا دامودەزگای نێودەوڵەتی پێویست نییە..

*گریمانەی ئەوەی هێزی ئەمەریکا بەتەنیا بەسە بۆ زاڵبوون لەسەرگرفتە نێودەوڵەتییەکان و بۆیە پێویستی بە پشتگیریی هاوپەیمانەکانی نییە .

بەڕێوەبەرایەتی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا بەسەرکردایەتی (باراك ئۆباما) ڕووبەڕووی ئەم تەنگژەیە بۆوەو لە چارەکردنیشی سیاسەتێکی نوێی بۆ دەرەوە پیادە کرد، ئەمەش بەشێ بوو لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکی و ناوی لێنا پیادەکردنی سیاسەتی نەرمە هێز(Soft power)

بەڵام زنجیرەی ڕووداوە یەك لەدوا یەکەکان پێویستیەکی گرنگتری دەرخست و وای لێکردن بە شێوازێکی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتی ئەمەریکادا چاوبخشێننەوە، لەم بارەیەوە ئۆباما لەسەر بنەمای بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کارنامەی نوێی بۆ دانانی ستراتیژیەتێکی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکایی دانا،دوابەدوای کارکردنی ١٦ مانگ لەسەر ئەو کارنامەیە، گرووپەکانی کار تێڕوانینی خۆیان خستەروو،دواتر بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما ڕەزامەندییان لەسەرتێڕوانینەکان دا، لە٢٦ی مایسی ٢٠١٠ ستراتیژە تازەکەیان بۆ ڕای گشتیی ڕاگەیاند.

لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەو ستراتیژییە نوێیەدا سەرۆکی ئەمەریکا ئۆباما وتی :

((جارێکی تر لە مێژووی نیشتمانیماندا، ئەمریکییەکان هەستانەوە تا ڕووبەڕووی چرکەساتەکانی گۆڕانگاریی ببنەوە، ئەمەی ئێستا یەکێکە لەو گۆڕانکارییانە، ئێمە لە زەمانی گۆڕانکارییە بنەبڕەکاندا دەژیێین، سەرکەوتنی گەلە ئازادبووەکان و بازاڕی ئازاد و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم ساتانەدا بوونە هۆی کاراترو خێراترکردنی جیهانگیری بە ئاستێك کە پێشینەی نەبووە، ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ هەلی باشتر لە جیهاندا تا دیموکرتییەت باڵ بکێشێ بەسەر ملوێنەها مرۆڤدا و وایکرد لە نێوان هێزە گەورەکاندا ئاشتی بێتەدی، بەڵام هاوکات جیهانگیری هەندێ لە مەترسییەکانی زیاتر کردین ئەمەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای مرۆڤکوژو ئابووری ناسەقامگیرو گۆڕانکاری کتوپڕ لەژینگەدا . ئێستاش ئێمە هەوڵی ڕێگرتن دەدەین لەبەرپابوونی ئەو جەنگانەی کە لەپێشمانن و پێویستیشە ڕەهەندەکانیان لێمانەوە دیاربن — جیهانێك دەبینین کە ئەمەریکایەکی بەهێزی تێدایە، توانای بەرەنگاربوونەوەی تەحەدییەکانی هەیە، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پێویستە ستراتیژییەتێکی نوێی نیشتمانی و سەرکردایەتییەکی جیهانی پیادە بکەین ستراتیژییەتێك بنەماکانی هێزو کاریگەری ئەمەریکا بونیاد بنێتەوە))

لێرەوە دەپرسین ڕاپۆرتی ستراتیژییەتی نوێی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکی بۆ ساڵی ٢٠١٠ چی لەخۆ دەگرێت؟

١- ڕێبازە ئاراستەکراوەکان

پێداویستییەکانی ئەم ستراتیژییەتە لەمانەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە :

- دڵنیابوون لەئاسایش گەلی ئەمەریکی و پاراستنی لەهەر مەترسیی و هەڕەشەیەك لەسەدەی بیست و یەکدا دێنە ئاراوە بەتایبەت هەڕەشەی تیرۆریزم،هەروەها دانانی پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی کتوپڕ.

- پەرەپێدانی بواری ئابووری و زیادکردنی وەبەرهێنان، هەروەها جێبەجێکردنی ریفۆرمخوازی سەرمایەداری و ڕێگەخۆشکردن بۆ کەرتی تایبەت کە ببێتە هاوبەشێکی بەهێز لە ئاراستەکردنی

نیشتمانیی بۆ پاراستن و ئارامی گشتی و وڵامدانەوەی پێداویستییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئابووری ئەمەریکا لەناو چوارچێوەی سیستەمێکی ئابووری جیهانی کراوەدا .

- پابەندبوون بەراستگۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرامبەر ڕێبازەچەسپاوەکانیدا و، ڕێزگرتنی لەو ڕێبازانە لەناوخۆو جیهان دا.

- دانانی سیستەمێکی جیهانی کە ئەمەریکا ڕێبەرایەتی بکات و بەهۆیەوە ئاشتی و ئاسایش باڵ بکێشێت بەسەر دنیادا، ئەمەش لە ڕێگای یارمەتیدانی ئەو هێزە خێرخوازانەی کە ڕووبەڕووی کۆسپەکانی جیهانی دەبنەوە.

٢- ڕوانینێکی گشتی بۆ ڕاپۆرتی ستراتیژی ئەمەریکی

ڕاپۆرتەکە زۆر ڕێبازو بیرۆکەی لەخۆگرتووە لەوانە:

* جیهان وەکو خۆی؛ ستراتیژییەتێك بۆ ئەو جیهانەی بەدوایدا دەگەڕێین:

ستراتیژییەتی نوێی ئەمەریکا جەخت دەکاتەوە لەسەر سەرکەوتنی ئەمەریکییەکان بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەیری جیهان بکرێت بەو شێوەیەی وەکو خۆی کە هەیە، ئەم مەسەلەیەش لەم خاڵانەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

- پێش دوو دەیەی سەدەی ڕابردووی بەر لەئێستا و بەتەواوبوونی جەنگی سارد جیهان بەمشێوەیە دەناسرایەوە:

- + ئومێدو گۆڕانکاری
- + فراوانبوونی بازنەی دیموکراتی
- + نەمانی دێوەزمەی جەنگی ئەتۆمی
- + پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هێزە گەورەکان
- + پەرەپێدانی ئابووری جیهانیی
- + پتەوکردنی پێوەندییەکان لەنێوان گەلاندا لەڕێگای ئاڵوێری بازرگانییەوە
- + زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەی چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن..

بەڵام ئەم سیما پۆزەتیڤ و خەسڵەتانە ڕووبەڕووی مەترسی و گرفتی بەردەوام دەبوونەوە لەوانە:.

+ هەڵگیرسانی جەنگ بەهۆی ئاین و ئیتنی و ناسنامەی هۆزگەراییەوە
+ زیاتر بوونی مەترسی چەکی ئەتۆمی
+ زیاد بوونی نادادپەروەری و ناسەقامگیری ئابووری
+ پیسبوونی ژینگە
+ نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی
+ زیادبوونی مەترسییەکانی پەیوەست بەتەندروستی گشتی.

ڕاپۆرتەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ((لایەنە ڕەشبینیەکەی دنیای جیهانگیریی کە لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ زیانی گەورەی بەگەلی ئەمەریکا گەیاندوو بەسەرماندا سەپاندی کە ڕێگایەکی توندو کاریگەر بۆ بەرگریکردن لەئەمەریکا پیادە بکەین )) لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەساڵانی پێشوودا ئەمەریکا ناچار بووە لەدژی قاعیدەو ڕژێمی عێراق جەنگ بەرپا بکات، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئابووری پلانی تایبەت دابنێت ئەمەش لەپێناوی ئەوەی پاڵ بنێ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە تاوەکو لەجیهانێکی گۆڕاودا بچێتە پێشەوە، جیهانێك کە سیما نێو دەوڵەتییەکانی سەدەی بیستەمی بەسەردا داڕووخابوو، ئەمەش بەهۆی هەڕەشە تازەکانی ئەم دواییەوە، ئابووری جیهانی کاری کردە سەرخێرابوونی ئەوکێبڕکێ نابەرابەرەی کە ڕووبەڕووی بازرگانی و بیزنسکارانی گەلەکەمان بۆتەوە،هەروەها ڕووکرانەوەی جیهان بەرەو ئازادی و کەرامەت بەدەستهێنان بەربەستی نوێی بۆ دروست بووە .

ڕاپۆرتەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەمەریکا بەپێی ئەم خەسڵەتانە ڕێبەرایەتی خۆی پتەو کردووە:

+ هاوپەیمانی هێزەکان
+ هێزی سەربازی زەبەلاح
+ بەهێزترین ئابووری جیهانی
+ دیموکراتییەکی بەهێز و پەرەسەندوو
+ هاوڵاتیی بوونی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ

بەپشت بەستن بەو خاڵانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون دەگەینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

( بێگومان ئەمەریکا لەپاراستنی ئاسایش جیهانیدا بەردەوام دەبێت)، ئەمەش لەمیانەی دەستگرتنی ئەمەریکا بەو ئیلتیزامات و بەڵێنانەی داویەتی جێبەجێ دەبێت واتە لە بەرامبەر هاوڵاتییانی و دامودەزگای هاوبەش جێبەجێیان دەکات، هەروەها سوور بوون لەسەر لەناوبردنی قاعیدەو هاوکارانی لە ئەفغانستان و پاکستان و زۆر شوێنی تری جیهان، سوور بوونی ئەمەریکا لەسەر بڵاونەبوونەوەی چەکی کۆکوژ لە دنیادا.

ڕاپۆرتەکە بەئەنجامێکی زۆر گرنگ گەیشتووە ئەویش ئەوەیە ( کاتێك بۆ چەسپاندنی ئەم ڕێبازانە خەبات دەکەین پێویستە دان بنێین بەوەدا کە لەدنیادا هیچ گەلێك نییە بەتەنیا بتوانێت ڕووبەڕووی بەربەستەکان بێتەوە چەندە بەهێزیش بێت، هەر چۆن لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کارمان کردووە، لەسەر ئەمەریکا پێویستە کار بۆ داهاتوو بکات لەکاتێکدا میتۆدی داڕشتنەوەی هاوکاری نێوان میللەتان لەوانەیە ئەنجامەکانی دوا بکەوێت، بۆیە ستراتیژییەتی ئەمەریکا تەرکیز دەخاتە سەر تازەکردنەوەی سەرکردایەتی ئەمەریکا بۆ جیهان، بەشێوازێك لەسەدەی بیست و یەکەمدا بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش پێویستە لەسەر ئەمەریکا:

+ سەرچاوەکانی هێز لەناوخۆدا پتەو بکات
+ سیستەمێکی جیهانی نوێ دابنێت کە بتوانێت ڕووبەڕووی تەحەددییەکانی ئەم چەرخە تازەیە ببێتەوە.

ئەم ستراتیژییەتە چەسپاوە لەسەر گرێدانی بنەڕەتی لەنێوان ئاسایش نیشتمانی و کێبڕکێی نیشتمانی و نەرمیتی و نموونەی ئەخلاقیدایە، ئەم ستراتیژییەتە وەکو لەڕاپۆرتەکەدا جەختی لەسەر کراوە پابەندبوونی ئەمەریکا نوێ دەکاتەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی لە ڕێی سیستەمێکی جیهانی کراوەوە کە هەموو میللەتێك ماف و ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی بزانێت. ئەم بارودۆخە یارمەتی ئەمەریکا دەدات بۆ پتەوبوونی پێوەندییە دەرەکییەکانی لەپێناو جیهانێکدا کە تاکەکان تێیدا هەست بەئازادی و هەلی باشتر بکەن لەبەرامبەر بەرپرسیارێتییان بۆ ئارامی نێو دەوڵەتی، بەپێچەوانەوە گەر بەو بەرپرسیارێتییە هەڵنەسن ڕووبەڕووی ئەنجامی دیکە دەبنەوە.

*** ئوستادی یاریدەدەر لە سیاسەتی دەرەوە/زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**

**دانانی سیستەمێکی جیهانی کە ئەمەریکا ڕێبەرایەتی بکات و بەهۆیەوە ئاشتی و ئاسایش باڵ بکێشێت بەسەر دنیادا، ئەمەش لە ڕێگای یارمەتیدانی ئەو هێزە خێرخوازانەی کە ڕووبەڕووی کۆسپەکانی جیهانی دەبنەوە**

**ستراتیژییەتی نوێی ئەمەریکا جەخت دەکاتەوە لەسەر سەرکەوتنی ئەمەریکییەکان بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەیری جیهان بکرێت بەو شێوەیەی وەکو خۆی کە هەیە**

**لەساڵانی پێشوودا ئەمەریکا ناچار بووە لەدژی قاعیدەو ڕژێمی عێراق جەنگ بەرپا بکات، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئابووری پلانی تایبەت دابنێت**

# بەیادی فەقێ تەیران
# کامەیە یەکەم تێکستی نووسراوی کوردی؟



فەلەکەدین کاکەیی

(٢-٢)

**بەرایی: لە مانگی حوزێراندا، لــە ئامەد(دیاربەکر) و شاری وان و موکسی یادی فەقێ تەیران، شاعیری نەمری باکووری کوردستان دەکرێتەوە، کەساڵی ١٥٦٤ ز (هەندێ دەڵێن لە ١٥١٤ ز) لە شــاری موکسی لەدایکبووە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.**

**شــیعری فەقێ تەیــران قۆناغێکی گرنگی شــیعری کوردییــە، مــۆرك و ناوەڕۆکی گەشــی نیشــتمانی و سۆفیگەری و عیرفانی بەرز بە شیعرییەوە دیارە.**

**بەم بۆنەیەوە ئەم وتــارەم بۆ کتێبێك ئامادەکردووە کە بە یــادی فەقێ تەیران لە دیاربەکر دەردەچێت، بە ســوودی دەبینــم بیخەمــە بەرچــاوی خوێنەرانی خۆشەویســتی هەفتەنامە(گوڵان).**

پرسی شەش:

لێرەشەوە مەســـەلەی هونەری نووسین و دەربڕین دێتە پێش.

گوتمــان ئاڤێســـتا بەر لە ســێهەزار و پێنچەسەد ساڵ نووســـرایەوە واتە: ئەگەر بەســـەرچاوەیەکی کولتـــووری و زمان و رامانی خۆمانی بزانین، ئەوە بەر لەو چەند هەزار ســـاڵە ئەدەبی نووســـراومان هەبووە، وەکو گوتم: ئاڤێســـتا تەنیا هی کورد نییە، هەروەها لەسەدا سەد وەکو کوردیی ئەمڕۆ نەنووسراوە.

لێکۆڵینەوەکان پیشاندەدەن کە زەردەشت لە بنەماڵەیەکی میـــری بووە و بە زمانی میر ئاخاوتووە و بەو زمانە ئاڤێســـتای بۆ هاتووە.

گرتنەوەی ئەو راستییە رێگەمان پێدەدات بڵێین، کەواتە کورد، یا ئەم خەڵکەی ئێستا پێی دەڵێین کورد،لە باووباپیرانەوە ئاشنای نووسین و خوێندنەوە بوونە.

ئاڤێســـتا بە خەتی میدی ئـــەو زەمانە نووســـراوە کە خەتی دەبیرەیـــە، لە هەندێ رووەوە نزیکە لە خەتی ئارامییەوە، لەگەڵ جیاوازیـــی تایبەتـــی خۆی لەســـەرەتای سەدەی بیستەم چەندین پارچە نووسراو لە سەر بەرد، بەو خەتە دۆزرانەوە.

کەوابـــێ، بـــەر لـــە هاتنـــی ئایینی ئیســـلام و زمانی عەرەبی بۆ کوردستان، کـــورد گەلێکی خوێندەوار بـــووە، لەگەڵ خوێندەوارەکانی رۆژهەڵات دەژمێردرێ وەك چینی و هیندی و ئاشـــووری و فارسی و فیرعەونی میسری و هی تر.

مەبەستم ئەوەیە کە باسی فەقێ تەیران و بابا تاهیری هەمەدانی و شاعیرانی دیکە کە کامەیان دەســـپێکی ئەدەبی نووسراوی کـــوردە لە دوای ئیســـلام ئـــەوە تەمەنی مێـــژووی زمان و کولتووری خۆمان کورت دەکەینەوە.

ئەز نابێژم، بەخۆڕایی و بەبێ ئەســـاس، تەمەنی مێـــژووی خۆمان درێژ بکەینەوە، وەلێ ئەوەی هەیە با بیزانین، ئەو راستییانە تا رادەیەکی باش ســـەلمێندراون، دەتوانین زیاتر لێیان بکۆڵینەوە تا بە ســـەرانجامی دروستتر ئەگەین.

مەســـەلە ئـــەوە نییە کە ئایـــا کورد لە خەڵکی تر کۆنتـــرو کەونارترە لە ئەدەب و کولتووردا، یا دەوڵەمەندترە..

مەبەستم نەژاد بەرزتری کورد بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە نییە، بەڵام راستیش دەبێ بگوترێت کە کورد هیچ نەبێ لەسەردەمی میدییەکانەوە، چووەتە نێو بازنەی شارستانی و کولتووری هونەرەوە ئەوەتا دەرکەوتووە لە هونەرێکی ســـەرەکی وەك مۆزیك و ئاواز چەند دەوڵەمەند و فرە بەرهەمە.

بێگومـــان زاڵبوونی زمانی عەرەبی، بە هاتنی ئیسلام، وەهای کرد ئەو ببێ بە زمانی خوێندن و نووسین و کاروباری رۆژانە، هەر بۆیەش گەلانی غەیری عەرەب وەك کورد

و فارس و ئەفغان، ماوەیەك زمانی خۆیان لە یادكرد وبەكاریان نەدەهێنا بەتایبەتی لە نووسین و دانانی ئەدەبیدا، بالوولی دانا، بەپێی دەسخەتەكان، كەمتر لە دوو سەدە دوای ئیسلام، واتە لەسەدەی دووی كۆچی (مشەختی) شیعری بە شێوەزاری خۆی داناوە، كە زاری تێكەڵاوی هەورامی و لوڕی و كەلهوورییە، واتە: شێوەزارێكی نزیك لە زمانی كۆنی ئاڤێستا.

یەكایەكی وشە و زاراوەكانی شیعری كوردیی سەدەی دووەم و سێهەم كۆچی بەدواوە بە ئاسانی لە تێكستی ئاڤێستا دەدۆزرێنەوە، بەڵكو ئاماژەی راشكاو و روون دەكەن بۆ ناوی زەردەشت و ئاڤێستا و ئەڵێن: وەرن ئایینی كوردان نوێبكەینەوە، هەندێ لە دەسخەتەكان بە ئایینی ئیران هاتووە، جا چ ناوهێنانی (ئێران) لێرەدا دروست بێ یا بە ئەنقەست لە دەسخەتەكان گۆڕیویانە، بەڵام دەتوانین و زاراوەی ئێران بە ناوی نیشتمانی كۆنی گەلە ئارییەكان وەربگرین، نەك دەوڵەتی سنووورداری ئێستای ئێران.

لەناوهێنانی گەلانی ئاری، یا ئێرانیانی كۆن، ئەوەمان بە یاددێتەوە، كە گەلانی ئارایی، لە رچەڵەكدا لەگەڵ گەلانی هیندستان یەك بوونە و، لە زانستی مێژوودا بە(هیند و ئاریایی) ناسراون، كە لە قۆناغێكدا بوونە بە دوو بەشەوە: هیندی و ئاریایی.

وێكچوون و نزیكبوونی گەلانی هیندی و ئاریایی و لە وێكچوونی كولتوورەكانیانەوە دەردەكەوێ، واتە: زمانی پالەویی ئاڤێستا كە كتێبی زەردەشتە، نزیك بووە لە زمانی سەنسكریتی كۆنی هیندی كە زمانی یەكەمین و گرنگترین كتێبی ئاینیانە ئەویش (رێگ ڤیرا) واتە:

كتێبی حیكمە و ماریفەت و زانست، وشەی(ڤیرا) هاوڕیشەی دانستەنی فارسییە، كە دەبێ بە زانستەن، لێرەدا دەنگی (د) و(ز) جێگۆڕكێیان پێكراوە، وەك(ژەن) بووە بە (زەن) لە ریشەی وشەی ( ڤیرا= ویرا) وە چەندین واژەی دیكە پەیدا دەبن وەك(دانا، دانایی، زانا، زانین، (دید= واتە نوختەنەزەر، تا دەگاتە بە واژەی (دین) كە بەهەمان دەنگ و فۆرم لە ئاڤێستا هاتووە و مانای(درێژەدان) دەدات.

واتە: لە فەلسەفەی زەردەشتدا : دین مانای ویژدان و ئەخلاق ئەدا، هەمان وشەی(دین) لە زمانی عەرەبیش ماوەتەوە و تا ئەمڕۆ بەكاردێ.

پرسی حەوتەم:

ئایا چەند ساڵێك بەر لە هاتنی ئیسلام و هەر دوا بەدوای ئەو، باری كولتوور و دنیابینی و ئایینی كورد، هەروەها نووسین و خوێندنی چۆن بووە؟

ئەم قۆناغە بەتاریكی ماوەتەوە، رەنگە هەر لەبەر زاڵبوونی كولتووری عەرەبی كورد نەیتوانیووە خۆی لەو بوارانەدا دەرببڕێت.

بەڵام حەقیقەتێكی مێژوویی هەیە، كە ئایینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینییدا، بە كوردستان گەیشت، و بڕوای خوا ناسی و یەكتاپەرستی بڵاودەكردەوە، بەڵام ئایا خەڵكی ئەو سەردەمەی كوردستان خوا نەناس بوونە، یا یەكتاپەرست نەبوون؟ لەم بوارەدا بەڵگەیەكی سادە بەدەستەوەیە، كە لە سەرانسەر، سەرچاوە مێژووییەكاندا هاتووە، ئەویش ئەوەیە ئا لەو كاتەی سەدەی حەوتەمی زایینی لە كوردستان واتە لەو خاكەی ئێستا بە كوردستانی دەزانین، چوار كولتوور و ئایینی خواناس و یەكتاپەرست هەبوون، كەوابێ خەڵكی كوردستانی ئەو سەردەمە پەیڕەوی ئەم ئایینانە بوون كە هەموویان یەك خوایان دەناسی و بڕوادار بوون، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بۆ ئەم چوار ئایینە ئەكات كە: جوو(یەهوودی) و نەسار(كریستیانە) و مەجووسی (زەردەشتی) و سابیئەیە، هەر چوار ئایینەكە خاوەن كتێبی نووسراوبوون و، ئێستاش پەرستگاو رێوجێی خۆیان هەیە واتە: خەڵكی كورد، خەڵكی ئەو زەمانەی كوردستان، كافرو خوانەناس و نەزان و نەخوێندەوار نەبوون، ئاینیەكانیش ئەمانەن:

١- جوو(یەهودی) كە لە پەیدابوونی مووسا پێغەمبەرەوە، (د.خ) رێنوومایيە مرۆڤانەكانی بە كوردستان گەیشتووە، لە سەرێكی دیكەوە پاشاكانی ئاشوور و ئەكەد و بابل گەلی یەهوودیان لە جێگەی خۆیان لە ئۆرشەلیم، لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی، هەڵكەند و زۆربەیان دیل كرد بە زۆر كۆچدران بۆ وڵاتی(بابل) و لەوێ خرانە ژێردەست و ژێرچاودێری توند، بەشێكیان خۆیان بە كوردستانی ئێستا گەیاند و لە كەركووك و هەولێر و شارەزوور دانیشتن (ئەو كات شاری هەڵەبجە و سلێمانی نەبوون، دەشتی شارەزوور و چیاكانی هەورامان یەك هەرێم بوون، چەندین شوێنەواری مێژوویی سەلمێندراو بۆ نیشتەجێبوونی یەهوودیان ماون وەك مەقامی (دانیال پەیامبەر) لە قەڵای كەركوك، یەهوودەكان بە هەموو كوردستانا بڵاوەیان پێكردبوو، بێگومان خاوەنی كولتوور و ئاینێكی نووسراوبوون، كولتووری نووسین و خوێندنیان بە زۆر جێگە گەیاندووە شوێنیان لە پێشخستن و بووژانەوەی كولتوور و هونەری كوردی لەمێژوودا دیارە.

٢- كریستیان(مەسیحی) كە لەدایكبوونی عیسا(د.خ) پەیامبەرەوە، وەكو لە ئینجیل (مزگێنی) نووسراوە كە سێ پیری ئەستێرەناسی مەجووسی (زەردەشتی) لە رۆژهەڵاتەوە، واتە لە كوردستان و ئێرانی ئێستاوە، خۆیان بە(بەیت لەحم) گەیاندووە و سێ دیارییان بۆ عیسا كوڕی مریەم بردوە و كڕنۆشیان بۆ بردوە و پیرۆزباییان كردووە لە دایكبوونی ئەو پەیامبەرە، ئیدی لەسەرەتای سەدەی یەكەمی زایینییەوە ئایینی مەسیحی بە كوردستان گەیشت، شوێنەواری زیادی دێر و پەرستگا و دابوونەریتی كریستیانەكان لە زۆر جێگەی كوردستان ماون لەوانەش بۆنموونە كەنیسایەكی هەرە كۆن لە تەنیشتی باژێری كۆیە،(كۆیسنجەق) .

٣- ئایینی زەردەشت وەكو باسمان كرد، بێگومان بەر لەوەش پاشماوە و شوێنەواری ئایینی میترایی و زەروانی(زەرڤانی) لەكوردستانا هەبوون، وەختێكێش (مانی) و (مەزدەكیش) پەیدا بوون، كەوتنە كوردستان، بەڵكو هەندێكی هەر لە كوردستانەوە سەریان هەڵداوە.

٤- ئایینی سابیئەی مەندایی، كە بەشێكیان(حەڕانی) یان پێدەڵێن، ئاینێكی هەرە كۆنی ئاسمانییە، ئێستاش لە عێراق و وڵاتانی دیكە بەڕەسمی ناسراون و (كۆتا)ی پەرلەمانیان هەیە، چونكە خاوەنی ئایین و زمان و كولتووری تایبەتین، كۆنترین كتێبخانە(كینزا رەبا/ واتە:

گەنجینەی مەزن، كە بەزمانی سریانی نووسراوە و خەتی ئارامییان هەیە(رێبەریان یەحیا پەیامبەرە(د.خ) واتە: خەڵكی ئەو دەمەی كوردستان لە سەدەی حەوتەمدا، بەسەر ئەو ئاینانەدا، لە دەوریان، دابەشبووبوون، كە زۆربەیان زەردەشتی و میترایی بوونە، كەواتە هەمیشە ئاشنای نووسین و خوێندن بوونە.

ئەو حەقیقەتە كلیلی چەندین ئەنجامی

دیکەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە، دەبینین کورد دوای ئیسلام خێرا فێری نووسین وخوێندنی عەرەبی بوو، هەر دوای کۆچی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) بۆ شاری (مەدینە) کوردێك لــە کوردســـتانەوە خــۆی گەیاندە لای بەناوی(جـــاوان، یا جابـــان، گاوان)، کە ئێستاش ئێلێکی کورد بەو ناوە هەیە(دواتر چەندیـــن کوردی تر چوونە مەدینە یەکێك لەوانــە( یونس)ە کە بە(یۆنســـی کاتب) ناســـراوە، لەســـەدەی دووەمـــی کۆچی، لەمەدینەدا، یەکەمین کتێبی لەسەر موزیك بە زمانی عەرەبی نووســیووە، ئیتر زانای کوردی گەورە و بەناو دەنگ پەیدابوونە کە لـــە بواری جۆر بەجۆری مێژوو کولتوور و ئایین، بە زمانی عەرەبی کتێبیان داناون، کە ئەگەر هەمـــوو دانراوەکان کۆبکرێتەوە، کتێبخانەیەکی مەزن دەگرێتەوە.

بەلای منەوە، گەلـی کورد حەزی لە خوێندن و فێربوونە و لە دەسپێکەوە ئاشنای هونەری نووسین و داهێنان بووە، هەر بۆیەش بە ئاســانی فێری نووســین و خوێندنی عەرەبی بـــووە، بەتایبەتی کـــە دەرفەتی بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆی نەبووە، بەڵام لەبەر سروشـــتی فێربوون دەبینین کە هەر چەندە سەدان ســـاڵە لە بەکارهێنانی زمانی خۆی بێبەش بووە، ئەمجاش هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانەکانی دیکەوە، هەست و بۆچوون و زانیاریی خۆی دەربڕێت.

کورد، هەروەها ئەگەر بەناچاریش بێ، هەوڵی داوە لە زمانەکانی دیکەدا هەندێ جار پێش خاوەنەکانیان بکەوێ.

لە کولتوور و ئەدەبی عەرەبی و تورکی و فارســـی چەند نموونەی خێرا دێنینەوە، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕووناکبیرانی عەرەب ویستیان(میری شاعیرانی زمانی عەرەبی ) دەستنیشـــان بکەن، تەنیا کەسێك لەسەرانســـەری وڵاتانی عەرەبـــدا هەبوو ئەویش (ئەحمەد شەوقی ) بەرەسەن کوردە، کە لـــە بنەماڵەیەکی گـــەورەی کوردە و دانیشـــتووی قاهیرە بـــووە، ناوی(میری شاعیرانی عەرەبی ) لێنرا چونکە لە شیعری عەرەبیدا پێش هەمووان کەوتبوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە عێراقدا، دوو شاعیری زمانی عەرەبی ناسراو هەبوون کە هەردووکیان کوردن، مەعرووف ڕەســـافی و سدقی جەمیل زەهاوی.

لـــە ئێـــران، بەشـــایەدی ڕووناکبیرانی فـــارس، باشـــترین وەرگێـــڕی ڕۆمان و ئەدەبیاتـــی جیهـــان لە فەرەنســـییەوە بۆ زمانی فارســـی،(محەمەد قازی ) یە کە خەڵکی مەهاباد و لە بنەماڵەکەی شەهید قازی محەمەدە، نووســـەر و شانۆنووس و فیلمســـازی گەورە هەن لـــە ئێراندا کە لە ڕەسەندا کوردن.

لـــە تورکیـــا: یەکەمین جـــار فیلمی سینەمایی زمانی تورکی لە ڕێگەی (یەلماز گۆنای )یـــەوە بە دنیای ناســـرا، هەروەها ڕۆمانی زمانی تورکی لە ڕێگەی (یەشار کەمال) ەوە لە جیهاندا دەنگی دایەوە.

لێرەدا مەبەســـتم پیاهەڵدان و پەســـنی ڕەگـــەزی کورد نییە، بەڵکـــو گێڕانەوەی واقعێکـــە، کە هەر چەندە کورد. لە ماوەی ســـەدان ســـاڵدا، زمان و کولتووری خۆی قەدەغەبووە، بەڵام دانەماوە، چونکە حەزی لـــە فێربوون و پێشـــکەوتن بـــووە، زمانی خەڵکی دیکـــەی بەکارهێناوە، هەر چەندە لەسەر حیســـابی زمانی زگماکی خۆی بووە.

هەموو ئەو باســـەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێـــم: کورد بەر لە ئیســـلامیش هونەری خەت و زمان و نووسین و دەربڕینی هەبووە، دوای ئیسلامیش، پچڕپچڕ، بەردەوامبووە، با لە ڕێگەی زمانی دیکەوەش بوویێت.

ئەسڵی مەبەســـتیش زانینی دەسپێکی ئەدەبی نووســـراوی کـــوردە، کە لە فەقێ تەیران و بابا تاهیر و شـــاعیرانی دیکەش کۆنتر و دوورتـــرە، بێگومان فەقێ تەیران و شـــاعیرانی دیکەی دوای ئیســـلام ژێر و زانـــا و دلێـــر و چاونەترس بوونە، کە لە ژێـــر تاریکی هـــەوری زاڵبوونی زمان و کولتـــووری نەتەوەکانی دیکەوەش، چاویان هەڵێنـــاوە و چاویان بە گەنجینەی زمان و کولتووری نەتەوەکەیـــان کەوتووە، هاتوونە زینـــدووی بکەنەوە، هەروەکـــو ئەحمەدی خانی دەیژێ، تـــا نەڵێن کورد بێ زمان و ئەدەبیات و ماریفەتە، نزیکەی ٣٠ ســـاڵ دوای خانی، لە کرماشانەوە خانای قوبادی هاتووە، کتێبی خوسرەو شیرینی لە فارسی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە بەراییدا وتوویەتـــی: ئەم دانراوە کوردییە( بە زاری گۆران/ هەورامی ) دادەنێم تا خەڵکی بزانن کوردیش خـــاوەن زمان و ئـــەدەب، بەڵکو کوردی شیرنترە.

دیوانی خوسرە و شـــیرین،(یا شیرین و فەرهـــاد) دانراوەی نیزامـــی گەنجەوی بەزمانـــی فارســـییە، کـــە گەنجەوی لە پێشـــەکی دیوانەکەدا، بـــە دەنگی بڵند، ئاشـــکرای دەکا کە دایکی ئەو کوردە و، ئەو داســـتانانەی لەو(شـــێرە ژنە کوردە) وەرگرتووە، هەروەکـــو خۆی ناوی دایکی دەبات.

نازانم وەڵامی چەند پرسیارم بۆ درایەوە، وەلی ئەزانم کەزۆربەیان هێشـــتا وەڵامی زیاتـــر هەڵدەگـــرن و، بابەتەکـــە جێگەی پرسیاری زۆرترە......

## ڕوونکردنەوەیەک لە نووسەرەوە

لە ژمارەی پێشـــووی گوڵان(٣١ ئاياری ٢٠١٠، لە وتاری (بەیادی فەقێ تەیران ) هەڵەیەکی ناخواســـتە هاتووە، کە ڕەنگە لە پەلەنووسینی بەندەوە بووبێ، کە نووسراوە:

(.. ئەز دبێژم شـــیعری بابا تاهیریش دەســـپێکی ئەدەب و کولتووری نووسراوی کوردی نییە، چونکە لە چەند ساڵی دواییدا چەند دەسخەتی تازە دۆزراوەتەوە کە بۆ هەزار و سەد تا هەزار و سیصەد ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە..)

- ڕاستەکەی ئەوەیە کە(پێش ئێستا) لە جیاتی(پێش زایین) دەنووسرێت.

واتە : شیعری عیرفان بالوولی دانا و یارانی بۆ نزیکەی هەزار و سێصەد ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە...

. ڕاستەکەی ئەوەیە کە (پێش ئێستا) لە جیاتی (پێش زایین) دەنووسرێت..

واتە:شیعری عیرفانی بالوولی دانا ویارانی بۆ نزیکەی هەزارو سێصەدساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە..

- تێکستی نووسراوی بالوولی دانا و شاخۆشین و بابا سەرهەنگ و زانایانی دیکە کە لەسەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا هاتوون، لەو سەردەمەوە لە لووڕستان و کرماشان و هەورامان، لە گەنجینەی نووسراوی نهێنی خەڵکی یارسان پارێزراو بوون.